DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.310

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستەمی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیی دا

**م.تریفە محەمەد فەرەج**

کۆلێژی پەروەردە-بەشی کوردیی زانکۆی گەرمیان

trefa.mohamed@garmian.edu.krd

**پ.عەبدلجەبار مستەفا مەعروف**

کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی

abduljabar.maroof@universal.iq

**پ.فەریدوون عەبدول محەمەد**

کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی

faridun.qadir@universal.edu.iq

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا سیستەمی دۆخ وەك دیاردەیەکی ڕێزمانیی زمان لە چوارچێوەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئەخرێتە ڕوو، تیۆرییەکە بۆ هەموو زمانە سرووشتییەکان/زمانی مرۆڤ یەکسانە، لەبەرئەوەی هەموو فرێزەکانی ناو ڕستە، پێویستە لە ژێر پێڕەو و بنەماکانی ئەم تیۆرەدا دۆخ وەربگرن، بەڵام نیشانەکانی دۆخ کە یەکێکە لە بنەماکانی تیۆرییەکە مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا یەکسان بن، چونکە هەر زمانێك بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ نیشانەکانی دۆخ دا ئەکات. یەکێك یان زیاتر لە نیشانەکانی(مۆرفۆلۆژیی، شکاندنەوە، نیشانە_ عەلامە/حرکات، جێکەوتە) بەکار ئەهێنێت. توێژینەوەکە بە تێڕوانین و دیدگایەکی نوێوە لە سیستەمی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیی ئەدوێت. لە توێژینەوەکەدا گریمانەی ئەوە ئەکرێت، کە شێوەزارەکە بۆ نیشانە کردنی فرێزە دۆخ وەرگرەکانی ڕستە بنەمای جێکەوتە و شکاندنەوە پێڕەو ئەکات. پاڵپشت بەو بەڵگانەی کە لە زمانەکانی هاوشێوەی شێوەزارەکە ئەهێنرێتەوە، هەبوونی مۆرفێمی تایبەت بە نیشانەی دۆخ لەم شێوەزارەدا ڕەت ئەکرێتەوە. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازیی پەسنیی شیکاریی بەکار ئەهێنرێت. بۆ نموونە و سامپڵی توێژینەوەکە ئەو سەرچاوانەی دەربارەی شێوەزارەکە نوسراون لەگەڵ وەرگرتنی نموونە لە ئاخێوەری ڕەسەنی شێوەزارەکە بەکار ئەهێنرێت، لە هەندێك شوێندا بۆ بەراوردکردن و بەڵگەی گریمانەی توێژینەوەکە جگە لە زاری ناوەڕاست نموونەی زمانەکانی تری وەکو(هەنگاریی،عەرەبیی،ئینگلیزیی،ئەڵمانیی)ئەهێنرێتەوە. هەرچەندە تیۆریی بەکارهاتووی توێژینەوەکە تیۆریی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە، بەڵام لە هەندێك شوێندا بە پێی پێویستی توێژینەوەکە ئەچێتە سنووری مینیماڵ پرۆگرامەوە. بە ئامانجی دەرخستن و ڕوونکردنەوەی سیستەم و نیشانەکانی دۆخ و جیاکردنەوەی لە ئەرگەتیڤ وەك تایبەتمەندییەکی ڕێزمانیی شێوەزارەکە. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە ئەگات، کە ئەم شێوەزارە، لە سیستەمی دۆخ دا هاوشێوەی زاری ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانیی، پێڕەو ی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ_ ئەکوزەتیڤی ئەکات، بۆ نیشانەکانی دۆخ لەم شێوەزارەدا بەهۆی جێکەوتەی سینتاکسیی، کە تایبەتە بە فرێزە سینتاکسییەکان هەروەها شکاندنەوە لە فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا_ فرێزە دۆخوەرگرەکان/ فرێزەکانی ڕێککەوتن نیشانە ئەکات.

**کلیلە وشەکان: دۆخ، نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤ، نیشانەی دۆخ، جێندەر، ئەرگەتیڤ، ئەرگەتیڤی نیشانەدار، ئەرگەتیڤی بێ نیشانە.**

Recieved: 2/8/2023
Accepted: 26/8/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (سیسـتەمی دۆخ لـە شـێوەزاری هەورامیـی دا)یـە، تێیـدا دۆخ وەك دیاردەیەکـی ڕێزمانیـی زمـان لـە چوارچێـوەی قوتابخانـەی بەرهەمهێنـان ڕاڤـە ئەکرێـت، بـە پێـی ئـەم تیۆرییـە جۆرەکانـی دۆخ لـە سـەر فرێـزە ناویی/دیارخەرییـەکان نیشـانە ئەکرێت.(ئەمین،شـلێر نایـف،٢٠١٥: ٦٥) دۆخ لایەنێکـی گرنگـی دروسـتێتیی رسـتە و درووسـتەکانی زمانـە، لەبەرئـەوە بـە بەشـێکی گرنگـی ڕێزمانیـی زمـان هەژمـار ئەکرێـت و پەیوەندیـی نێـوان سـەر و تەواوکـەر لـە سـەر بنەمـای دۆخ جیـا ئەکرێتـەوە. تیۆرییەکـە لەسـەر ئـەو گریمانەیـە بنیـات ئەنرێـت، کـە شـێوەزاری هەورامیـی مۆرفۆلۆژییانـە نیشـانەی دۆخـی نییـە، لەبەرئـەوەی مۆرفێمەکانـی(ی،یَ) کـە وەك مۆرفیمـی تایبـەت بـە دۆخ ئاماژەیـان پـێ دراوە (بڕوانە:محەمـەد،٢٠١٣: ٦،عەبدوڵـڵا،٢٠١٠: ١٥،محەمـەد،٢٠١٦: ١٧) توخم-جێنـدەری فرێـزە ناوییەکـە نیشـانە ئەکـەن. بـە پشـت بەسـتن بـە بنەماکانـی نیشـانەکانی دۆخ (case marking) و بەراوردکردنـی لەگـەڵ ئـەو زمانانـەی هاوشـێوەی شـێوەزاری هەورامیـی سیسـتەمی توخم/جێندەریـان بـە مۆرفێـم هەیـە، ئـەو ئەنجامـە بەدەسـت دێـت، کـە ئـەم مۆرفێمانـە مۆرفیمـی دۆخ نیـن و بەهۆیـەو ناتوانرێـت جیـاوازی جۆرەکانـی دۆخ بکرێـت، کـە بنەمـای سـەرەکیی نیشـانەکردنی دۆخ بـۆ ناسـینەوەی جـۆری دۆخـی فرێـزە دەرکەوتووەکانـی رسـتەیە. بـۆ جێبەجێکردنـی ناوەرۆکـی توێژینەوەکـە و نموونـە و داتـاکان لـەم شـێوەزارەدا ئەهێنرێتـەوە و لـە هەندێـك شوێنیشـدا بـۆ پاڵپشـتییکردنی بۆچوونـەکان و وەك بەڵگـە جگـە لـە زاری ناوەڕاست-شـێوەزاری سـلێمانیی، سـوود لـە زمانەکانـی تـری وەك عەرەبیی، ئینگلیزیـی و ئەڵمانیـی وەر ئەگیرێـت. لـە توێژینەوەکـەدا بـە پێـی ڕێبـازی پەسـنی شیکاریی لەسـەر بنەماکانـی تیۆریـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە، سیسـتەمی دۆخ و پێڕەو ی نیشـانەکردنی دۆخ لـە شـێوەزارەکەدا ئەخاتـە ڕوو، لـە هەندێـك شوێنیشـدا بـە پێـی پێویسـتی توێژینەوەکـە ئەچێتـە سـنووری مینیمـاڵ پرۆگرامـەوە. بـە ئامانجـی دەرخسـتن و ڕوونکردنـەوەی سیسـتەم و نیشـانەکانی دۆخ و جیاکردنـەوەی لـە ئەرگەتیـڤ وەك تایبەتمەندییەکـی ڕێزمانیـی لـەم شـێوەزارەدا. توێژینەوەکـە لـە دوو بـەش و چـوار پـار پێکهاتـووە، بەشـی یەکەمـی توێژینەوەکـە تەرخانکـراوە بـۆ ڕوونکردنـەوەی زاراوەی دۆخ و بنەماکانـی تیۆرییەکـە و جێبەجێکردنـی بنەماکانـی تیۆرییەکـە لەسـەر شـێوەزارەکە هەروەهـا پێڕەوی نیشـانەکردنی دۆخ لـەم شـێوەزاردا ڕاڤـە ئـەکات، بەشـی دووەمیـش ئەرگەتیـڤ وەك دیاردەیەکـی ڕێزمانیـی شـێوەزارەکە ڕوون ئەکرێتـەوە، پاشـان ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە کـە بـە چەنـد خاڵێـك ئەخرێنـەروو، لـە کۆتایشـدا لیسـتی ئـەو سـەرچاوانەی کـە لـە توێژینەوەکـەدا بەکارهاتـوون لیسـت کـراون.

١-تیۆریی دۆخ: Case Theory

دۆخ مۆدێلێکـی ڕێزمانیـی تیۆریـی بەرهەمهێنانـە لـە زمانـدا ئامـاژە بـە سـیفەت یاخـود تایبەتمەندیـی فۆرمـی فرێزێـك ئـەدات لـە نـاو رسـتەدا.( Otoguro, ٢٠٠٦: ٢) تیۆرییەکـە بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندیـی سینتاکسـیی نێـوان (X,Y) لـە چوارچێـوەی فرێـزدا، لەبەرئـەوە ڕۆڵێـکی گرنگـی لـە شیکردنەوە سینتاکسییەکانی زماندا هەیـە، بـە جۆرێـک سـەرە(X) دۆخـدەرەکان دۆخ بـە تەواوکەرەکانیـان(Y) ئـەدەن. بـە واتـا فرێـزە تەواوکەرییـەکان لـە لایـەن سـەرەکانەوە بـۆ دۆخ نیشـانە ئەکرێـن. ئـەو کەرەسـتانەی لـە نـاو دروسـتەکەدا لـە فۆرمـی فرێـزی دیارخەریـی, ناویـی, ئاوەڵناوییـدا دێـن لـە دەورووبـەری سینتاکسـییدا گـۆڕان بەسـەر فۆرمەکەیانـدا دێـت

و لە لایەن توخمێکی دۆخدەرەوە دۆخی رێزمانییان پێ ئەدرێت بەو پێ یەی گۆکردنی تەواوکەریانە هەیە. فەرهەنگ وەك پێکهاتەیەکی زمان زانیاریی توخمەکانی تێدا گەنج ئەکرێت، سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس وەك دوو رێگا بۆ نواندنی زانیاییەکان بەکاردێن، ئەمەش ئەوە روون ئەکاتەوە، کە لە فەرهەنگدا زانیارییەکانی پەیوەست بە سەری دۆخدەرو دۆخوەرگر گەنجکراون. بە پێی هەریەك لە P۰,A۰/V-N۰,V۰ کەرەستەی دۆخدەرن و دۆخ بە NP/AP,DP ەکانی ناو رستە ئەدەن. ئاخێوەرانی زمان بۆ بەرهەمهێنانی دروستە زمانییەکانیان سوود لە گەنجینەی ناو فەرهەنگیان وەرئەگرن. بنەمای دۆخ و ئەرکی سینتاکسیی وەك دوو بنەما دروستیی رستەکانی زمان چێك ئەکات, زاراوەی پاڵێوەری دۆخ (case filter) بنەمایەکی سەرەکیی تیۆرەکەیە، کە داوا ئەکات هەموو فرێزێکی دیارخەریی پێویستە دۆخی ئەبستراکتی هەبێت.( ۲۰۰۷,۱٤۷,cook& newson) ئەمەش ئەبێتە بەڵگە بۆ هەبوونی دۆخ لە هەموو فرێزەکانی ناو رستە، ئەگەرچیی دۆخەکەش مۆرفۆلۆژییانە نیشانە نەکرابێت. هەر بە پێی بنەماکە ئەوە جێگیرکراوە، کە هەرسەرێکی دۆخدەر تەنها یەك دۆخی هەڵگرتوە و لە رستەدا بە تەواوکەرەکەی ئەدات و هەر توخمێکی دۆخ-وەرگریش تەنها یەك دۆخ-وەرئەگرێت، لەم روانگەیەشەوە V۰ کرداره تێپەڕەکان دۆخی ئەکوەزتیڤی بە تەواوکەرەکەیان ئەدەن, دۆخی نۆمینەتیڤی پەیوەندیی لەگەڵ T هەیە و لەلایەن TP نیشانە ئەکرێت بەو فرێزە ناوییە ئەدرێت، کە لە جێکەوتەی بکەری رستەکەدایە. ( ۲۰۰۸,Musabhien: ۸۷-مەعروف،۲۰۲۰: ٦۹) جگە لە رەگ، لە هەندێك زماندا پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکان دۆخی ئەکوزەتیڤی بە تەواوکەرەکانیان ئەبەخشن. ئەمەش ئەوە دەرئەبڕێت، کە مامەڵەکردنی ئەم پێشناوانە بە هەمانشێوەی V۰ ەکانن، دۆخی ئەکوزەتیڤی بە تەواوکەرەکانیان ئەبەخشن، ئەمەش هەمان چەشنی دۆخە کە لەلایەن رەگی کردارەوە بە تەواوکەرەکەی ئەبەخشرێت. روونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە ئەسەلمێنن، کە لە هەر دروستەیەکدا پێویستە سەرێکی دۆخدەر و فرێزێکی دۆخوەرگر هەبێت. بەو واتایەی کە هەموو فرێزەکان لە چێوەی دروستەی رستەدا پێویستە دۆخیان هەبێت, بەهۆی سەری دۆخدەرەوە دۆخەکانیان تیادا بەتاڵ ئەکرێتەوە. بنەمای پێ دانی دۆخیش (هاوسێیەتی-رێککەوتن)ن. لەبەرئەوەی جگە لە توخمە فەرهەنگییەکان توخمە ئەرکییەکانیش هەڵگری دۆخن بەهۆی رێککەوتنەوە دۆخی نۆمینەتیڤی بۆ تەواوکەرەکەی لە رستەی کات و کەسدار(finite verb) بە فرێزی ناویی-بکەریی ئەبەخشێت. پەیوەست بە نیشانەکانی دۆخەوە(Case marking) زمانەکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان بۆ نیشانەکان هەیە و لە زمانەکاندا بە گشتیی چوار جۆر لە نیشانەی دۆخ جیاکراوەتەوە کە:

ا.-مۆرفۆلۆژیی

ب.-شکاندنەوە

پ.-نیشانە-_ عەلامە/حرکات

ت.-دروستە

شێوازی پێ دانی دۆخ لە زمانەکاندا پەیوەستە بە نیشانەکانەوە و هەر زمانێك جۆرێك یان زیاتر لە نیشانە پێڕەو ئەکات، لە زمانی هەنگاریی دا بەهۆی مۆرفێمی تایبەتەوە فرێزەکان نیشانە ئەکرێت،

ئەو فرێزە ناوییەی کە دۆخی ئەکوزەتیڤی وەرئەگرێت، مۆرفێمی تایبەتی دۆخ /t/ لە سەر فرێزەکە ئەنوێنرێت، لە کاتێکدا لە دۆخی نۆمینەتیڤی فرێزەکە هیچ مۆرفێمێك وەرناگرێت، ئەمەش ئەوە دەرئەخات، کە مۆرفێمی/t/ مۆرفێمی تایبەتی دۆخی ئەکوەزتیڤییە لە زمانەکەدا.(سەعید،٢٠٢٠: ٨٥ لە ٢٠٠٧,cook& newson: ١٤٦)

Janos element-١.

Latom Janost-٢.

لە زمانی عەرەبییشدا بەهۆی (حركات) نیشانەی سەر فرێزەکان دۆخەکان جیا ئەکرێتەوە، ئەو فرێزە دیارخەرییەی کە دۆخی نۆمینەتیڤی وەرئەگرێت، نیشانەی (بۆر)ئەچێتە سەر فرێزەکە، ئەگەر دۆخەکەی ئەکوزەتیڤی بوو، ئەوکاتە نیشانەی (سەر)ئەکەوێتە سەر ئەو فرێزە دیارخەییە، نیشانەی (ژێر) بۆ ئەو فرێزانە نیشانەکراوە، کە دۆخی داتیڤ لە رستەکەدا وەرئەگرن. (https://arabic.desert-sky.net/g_cases.html)

٣- فتح الطالبُ البابَ المدرسةِ.

لەبەرئەوەی لەم زمانەدا نیشانەکانی دۆخ مۆرفۆلۆژییانەیەو بەهۆی مۆرفێمی تایبەت چەشنی دۆخەکان لە رستەدا جیا ئەکرێتەوە، لە رستەی(٣) دۆخەکان بە شێوەی مۆرفۆلۆژییانە لە سەر فرێزە ناوییەکان-دیارخەرییەکان نوێنراون، فرێزی}الطالبُ{ بەهۆی مۆرفێمی(ُ) فرێزەکە بۆ دۆخی نۆمینەتیڤی نیشانە کراوە، فرێزی}البابَ{ بەهۆی(َ) بۆ دۆخی ئەکوزەتیڤی نیشانەکراوە فرێزی}المدرسةِ{(ِ) بۆ دۆخی داتیڤ نیشانەکراوە. لە زمانی ئینگلیزییدا نیشانەکانی دۆخ مۆرفۆلۆژییانە نییە، واتە بەهۆی مۆرفێمی تایبەتەوە فرێزەکان بۆ دۆخەکان نیشانە ناکرێن، بەڵکو بەهۆی شکاندنەوەی جێناوەکانەوە دۆخەکان نیشانە ئەکەن. (I, You, He-She-It, We, You, Thed

y)بۆ دۆخی نۆمینەتیڤی (Me, You, Him-Her-It, Us, You, Them) بۆ دۆخی ئەکوزەتیڤی.

She helped me-٤.

لە رستەی(٤)(she) دۆخی نۆمینەتیڤی وەرگرتووە،(me)دۆخی ئەکوزەتیڤی وەرگرتووە. فۆرمی جێناوەکان بە پێی جێکەوتەکانیان بۆ دۆخ شکاونەتەوە، لەبەرئەوەی لە زمانەکەدا بەهۆی شکاندنەوەوە چەشنی دۆخەکان نیشانە ئەکرێن. لە زمانی کوردیی زاری ناوەڕاستدا بەهۆی جێکەوتەوە لە ناو رستەدا دۆخ نیشانە ئەکرێت. بڕوانە: (٥)

٥-کوڕەکە دەرگاکەی کردەوە.

لە رستەی (٥) هەردوو فرێزە دۆخ-وەرگرەکانی{کوڕەکە، دەرگاکە} بەهۆی جێکەوتەکانیان دۆخەکانیان جیا ئەکرێتەوە، فرێزی دیارخەریی{کوڕەکە} لەبەرئەوەی جێکەوتەی بکەریی رستەی پڕکردووەتەوە، هەربۆیە لە رستەکەدا ئەبێتە هەڵگری دۆخی نۆمینەتیڤی، فرێزی دیارخەریی{دەرگاکە} جێکەوتەی بەرکاریی پڕکردووەتەوە و بە پێی جێکەوتەکە دۆخی ئەکوزەتیڤی وەرئەگرێت. لە زمانی کوردییدا نیشانەکانی دۆخ جگە لە دروستە لە زاری ناوەڕاستدا نیشانەکانی دۆخ بەهۆی هەبوونی دوو دەستە لە مۆرفێمی رێککەوتن لە چەشنی شکاندنەوەیە لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا خۆیان ئەبن بە فرێز

و لە هەمان کاتیشدا نیشانەی دۆخن, ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە زمانی کوردیی مۆرفۆلۆژییانە بە مۆرفێم نیشانەی دۆخی نییە. بڕوانە (دواتر)

٦-من بەئەو گەیشتم.

شیکردنەوەی درووستەکە بە پێی تیۆریی دۆخ دوو جۆر دۆخ(ئەکوزەتیڤی, نۆمینەتیڤی ) پەیوەست بە دروستەکەوە ئەخاتە روو, پێشناو لە پۆلەرەگەز دیاریکردنیدا تەواوکەرێکی ناوەکی هەڵاوێر ئەکات, دۆخی ئەکوزەتیڤی پێ ئەدات, لەبەرئەوەی کرداری تێنەپەڕ هەڵگری دۆخ نییە، بەمەش پێشناوەکە(p) هەڵگری دۆخە و دۆخ بە تەواوکەرەکەی}ئەو{ئەدات,(ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەرئەبڕێت کە دۆخی ئەکوزەتیڤی ئەکرێت، لەلایەن رەگ, یان پێشناوەکان)هوە بدرێت(cook & newson,٢٠٠٧; ١٤٩). کرداری تافدار (TP} (finite verb}دۆخەکەی لەناو ئەو بەشەی رستە، کە ئەرکی بکەری هەیە بەتاڵ ئەکاتەوە, بە پێی بنەمای پاڵێوەری دۆخ سەرە دۆخدەرەکان تەنها توانای بەخشینی یەك جۆر دۆخیان لە چێوەی دروستەیەکدا هەیە و هەر فرێزێکیش تەنها یەك جار دۆخ وەرئەگرێت. وەك ئاماژەی بۆکرا زمانی کوردیی بۆ نیشانەی دۆخ سوود لە هەردوو نیشانەکردن بەهۆی(جێکەوتە-شکاندنەوە) وەرئەگرێت، لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا فۆرمی فرێزە بەندە رێککەوتنییەکە وەك نیشانەی دۆخ بەکاردێت، بە واتای ئەوەی کە فۆرمی فرێزەکە چەشنی دۆخەکەی نیشانە ئەکات، لەبەرئەوەی ئەم مۆرفێمانە بە پێی تافی دروستەکە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان. بڕوانە: (٧)

٧-ا: بینیمیت.

ب- بینیتم.

لە دروستەی(٧ا,ب) فرێزەکانی}م،-یت{ و}م، ت{ بەهۆی شکاندنەوەیان بە پێی تاف چەشنی دۆخەکانیشان نیشان ئەکەن.

}م,م{ لەلایەن فرێزی تاف{TP} دۆخی نۆمینەتیڤیان وەرگرتووە,}ت,یت{ لەلایەن رەگی کردارەوە٧٠ دۆخی ئەکوزەتیڤیان وەرگرتووە، بەمەش دروستە بەرهەمهاتووەکە دروستەیەکی تەواوە لە هەردوولایەنی دروستەو ئەرك و دۆخەوە.

١-٢پێڕەو ی دۆخ لەشێوەزاری هەورامییدا:

شێوەزاری هەورامیی پێڕەو ی دۆخی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی ئەکات، بە پێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە فرێزە دەرکەوتووەکانی رستە لە لایەن سەرە دۆخدەرەکانیانەوە دۆخیان پێ ئەدرێت، نیشانەکانی دۆخ لەم شێوەزارەدا بەهۆی شکاندنەوە و جێکەوتەوە چەشنی دۆخەکان جیا ئەکاتەوە.(بڕوانە:دواتر)

١-٢-١:دۆخی نۆمینەتیڤی- ئەکوزەتیڤی:

بە پێی بنەماکانی تیۆریی دۆخ هەموو فرێزە دەرکەوتوو-بینراو_دەربڕاوەکانی رستە هەڵگریی دۆخن و لە رستەدا دۆخی نۆمینەتیڤی، ئەکوزەتیڤی وەرئەگرن، هەر زمانێکیش پێڕەو ی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ نواندنی نیشانەکانی دۆخ(بڕوانە:پێشتر) شێوەزاری هەورامی بۆ نواندنی نیشانەکانی دۆخ پشت بە جێکەوتەو ئەرك-شکاندنەوەی مۆرفێمەکانی رێککەوتن، کە تایبەتن بە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی ئەبەستێت. (بڕوانە: مەعروف،عەبدلجەبار مستەفا،٢٠٠٥، حسێن، ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨)بڕوانە: (٨)

٨-ئازادØ كناچەكیـ°ش كیاستی°.                ئازاد كچەكانی نارد.

بـە پێـی بنەمـای پاڵێـوەری دۆخ پێویسـتە هەمـوو فرێـزە دەركەوتـووەكان دۆخیـان هەبێـت،(*) لـە رسـتەی(٨) بكـەر لەلایـەن فرێـزی تافـەوە TP دۆخـی نۆمینەتیڤـی وەرگرتـووە، بەركاریـش لـە لایـەن رەگـی كـردارەوە v٠ دۆخـی پـێ دراوە. بـەركار لەگـەڵ كـردار پەیوەسـت بـە كـەس و ژمـارە و توخـم رێككەوتنـی لەگـەڵ كـرداردا هەیـە و مۆرفێمـی كەسـی سـێیەم (ی°)دەركەوتـووە، بكەریـش رێككەوتنـی لەگـەڵ بـەركار هەیـە. مۆرفێمـی /ش/ رێككەوتنـی بكەر-بـەركار ئەنوێنێـت. وەك لـە پێشـووتردا ئامـاژەی بـۆ كـراوە دۆخ بارێكـی گراماتیكیـی فرێزەكانـی رسـتەیە و بریتییـە لـە پەیوەندیـی نێـوان (X,Y)، كـە بەهـۆی نیشـانەی تایبەتـی یاخـود بەهـۆی جێكەوتەیـان لـە نـاو رسـتەكەدا جیـا ئەكرێنـەوە. لەبەرئـەوەی لـە شـێوەزارەكەدا مۆرفۆلۆژییانـە بـە مۆرفێـم نیشـانەی تایبەتـی دۆخیـان نییە(**)هەبوونـی نیشـانەكانی دۆخ لـە زمانەكانـدا بـە پێـی تایبەتمەندیـی زمانـەكان جیـاوازە، شـێوەزاری هەورامیـی سیسـتەمێكی دەوڵەمەندیـی توخمیـان هەیـە و بەشـێوەیەك توخـم لـە نـاو هەمـوو دروسـتەكاندا بوونـی هەیـە. جیاكردنـەوەی نیشـانەكانی (Ø،هـ،ی،ی°) وەك نیشـانەی جیـاوازی دۆخ لەلایـەن توێژەرانـەوە بـە پێـی توخمـی فرێزەكـە بەڵگـەی ئەوەیـە، كـە توخـم لـە پلەبەندیكردنـی (سـۆرتی/sort) نیشـانەكاندا لـە پلـەی یەكەمدایـە. لـەو روانگەیـەوە گریمانـەی دانانـی مۆرفێمەكانـی (دۆخ)بـە مۆرفێمـی توخـم ئەكرێـت، ئـەوە روون ئەكرێتـەوە ئـەم مۆرفێمانـە، كـە وەكـو نیشـانەی دۆخـی نۆمینەتیڤـ- ئەكوزەتیـڤ دەستنیشـانكراون بـە تەنهـا نیشـانەی دۆخ نیـن و وەك مۆرفێمـی دۆخ نیشـانە ناكرێـن، بەڵكـو مۆرفێمەكـە هەڵگریـی تایبەتمەندیـی جێنـدەرە و بـە پێـی جێنـدەر لەسـەر فرێـزەكان دەرئەكـەون.

٩-ا: نەسرینی° نانش وارد.                نەسرین نانی خوارد.

ب: ئارامØ نەسرینی° موینو°.                ئازام نەسرین دەبینێت.

١٠-ا: ئازادی نانش واردØ.                ئازاد نانی خوارد.

ب: نەسرینە ئازادی موینو°.                نەسرین ئارام دەبینێت.

لـە رسـتەكانی(٩ ا،ب_١٠ا،ب) مۆرفێمـی(ی°،ی) سـەر فرێـزە ناوییەكانـی }نەسرینی°،ئازادی{، كـە وەك مۆرفێمـی تایبـەت بـە دۆخ دەستنیشـانكراوە،(بڕوانە: محەمـەد،٢٠١٣و محەمـەد،٢٠١٦) بـەڵام هیـچ جیاوازییـەك لەنێـوان دوو چەشـنەكەی دۆخـدا (نۆمینەتیڤ_ئەكوزەتیـڤ) بەهـۆی مۆرفێمەكانـەوە ناكرێـت، بەڵكـو زیاتـر توخمـی -جێنـدەری فرێـزەكان نیشـانەكراوە. (***)

لـەو زمانانـەدا كـە توخـم بەشـێكی زانیاریـی زمانـی كەرەسـتەكانی پێـك ئەهێنێـت و لـە جیاكردنـەوەی فرێزەكانـدا توخـم ترۆپكـی نیشـانەكان ئەگرێـت، بـۆ نموونـە زمانـی ئەڵمانـی خـاوەن شـەش مۆرفێمـی تایبەتـە (er,ie,en,as,es,em) وەك دیارخـەر بـە پێـی توخـم و ژمـارەو دۆخ ئەچنـە سـەر فرێـزە ناوییـەكان و فرێـزی دیارخەریـی بەرهـەم ئەهێنـن، لەبەرئـەوەش ئـەم مۆرفێمانـە هەرچەنـدە زانیاریـی دۆخیـش بەشـێكی زانیارییەكانـە بـەڵام وەك مۆرفێمێكـی تایبەتیـی دۆخ هەژمـار ناكرێـت، بەڵكـو مۆرفێمێكـە لـە دەورووبـەری سینتاكسـیدا بـە پێـی توخـم، ژمـارە، جێكەوتـە-و دۆخ، ئەچنـە سـەر نـاوەكان. (بڕوانـە: Otoguro,٢٠٠٦: ٤)

| | نێر | مێ | بێلایەن |
|---|---|---|---|
| NOC | Der | Die | Das |
| ACC | Den | Der | Das |
| DAT | Dem | Der | Dem |
| GEC | Des | Der | Des |

لە ناو رستەکانی ئەم شێوەزارەدا مۆرفیمەکانی(ی،ی°) بۆ چەشنێکی دۆخ نیشانە نەکراون، لەبەرئەوە ئەگەر گریمانەی هەبوونی نیشانەی دۆخیش وەك بەشێك لە زانیارییەکانی ئەم مۆرفێمانە بکرێت، هاوشێوەی زمانی ئەڵمانی ئەوکات، پێویستە بە پێی چەشنی دۆخەکان نیشانەکانی گۆڕانی بە سەردا بێت، وەك ئەوەی لە زمانی ئەڵمانییدا هەیە. ئەمەش پاڵپشتی ئەوە ئەکات، کە گریمانەی هەبوونی نیشانەی مۆرفۆلۆژییانەی دۆخ لە شێوەزارەکەدا ڕەتبکرێتەوە، چونکە ئەم مۆرفێمانە(ی،ی°)مۆرفیمی توخمن و بە پێی توخمی فرێزەکە ئەکەونە سەر فرێزەکە و بەهۆی مۆرفیمەکەوە ناتوانرێت چەشنی دۆخەکان لە رستەدا بناسرێتەوە. لەبەرئەوەی توخم ترۆپکی نیشانەکانە ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێت، کە ئەم مۆرفێمانە مۆرفیمی تایبەت بە توخم_جێندەرن. لەبەرئەوەی ئەگەر نیشانەکانی دۆخ مۆرفۆلۆژییانە بێت پێویستە لەڕێگەی مۆرفیمی تایبەتەوە چەشنی دۆخەکان نیشانە بکات بە شێوەیەك، کە جیاوازبێت لە مۆرفیمی توخم، وەك لە زمانی هەنگارییدا بەهۆی مۆرفیمی تایبەتەوە چەشنی دۆخ نیشانە ئەکرێت. (بڕوانە: سەعید،٢٠٢٠: ٨٥) وەك پێشووتریش روونکراوەتەوە لە زمانی عەرەبییدا، کە هاوشێوەی شێوەزاری هەورامیی سیستەمی جێندەر بوونی هەیە و لەناو هەموو دروستەکانیاندا بەهۆی مۆرفێمی تایبەتەوە ئەنوێنرێن، بەڵام لە نیشانەکردنی دۆخدا بەهۆی نیشانەی تایبەتەوە کە جیاوازە لە مۆرفیمی جێندەر دۆخەکان جیا ئەکاتەوە. بە واتا نیشانەی دۆخ و جێندەر جیاکراونەتەوە. بڕوانە:

١١-ا: رأيت المدرسُ الطالبةَ.

ب: رأيت الطالبةُ المدرسَ.

لە نموونەکانی(١١ ا) هەردوو جۆری نیشانەکردنی جێندەر و دۆخی لە سەر فرێزە ناوییەکان جێبەجێکراوە. لە رستەی فرێزی ناویی}المدرسُ{ لە رووی جێندەرەوە نێرە، لە زمانەکەشدا مۆرفێمێکی تایبەت بۆ جێندەر_ توخمی نێر دانەنراوە واتە(Ø)، هەربۆیە مۆرفیمی توخم دەرنەکەوتووە، بەڵام نیشانەی تایبەت بەدۆخی نۆمینەتیڤی لە سەر فرێزەکە دەرکەوتووە، کە فۆنێمێکی ناکەرتی الضمە_ بۆر(ُ)بۆ دۆخی ئەکوزەتیڤی لە سەر فرێز}الطالبةَ{، کە الفتحه_سەر(َ)دەرکەوتووە، مۆرفیمی توخمیش لەبەرئەوە فرێزەکە وەك جێندەری مێ مۆرفیمی(ة) لە کۆتایی فرێزەکەدا دەرکەوتووە. لە رستەی(١١،ب) فرێزی ناویی}الطالبةَ{ وەکو جێندەری مێ لە زمانەکەدا بەهۆی مۆرفیمی(ة) نیشانە کراوە، لە فرێزەکەشدا لە کۆتایی فرێزە ناوییەکە دەرکەوتووە، لەبەرئەوە فرێزەکە دۆخی نۆمینەتیڤی لە ناو رستەکەدا هەیە هەربۆیە نیشانەی تایبەتی دۆخی نۆمینەتیڤی کە فۆنێمی ناکەرتی الضمە_بۆر (ُ) لەسەر کۆی فرێزەکە دەرکەوتووە و نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤی لە سەر فرێزی }المدرسَ{، کە الفتحە_ بۆر- (َ)دەرکەوتووە، بەڵام فرێزەکە وەکو جێندەری نێر مۆرفیمی تایبەتی توخم دەرنەکەوتووە(Ø)، روونکردنەوەکان پەیوەست بە زمانی عەرەبیی ئەوە پشتڕاست ئەکەنەوە، کە مۆرفیمەکانی دۆخ پەیوەندیی بە توخمی فرێزە ناوییەکەوە

نییە. وەکو دوو فۆرمی جیا لەناو ڕستەدا دەرئەکەون.

لە شێوەزاری هەورامییدا مۆرفێمەکانی(ی،یº) وەکو مۆرفێمی تایبەتی دۆخ جیاکراونەتەوە(****) پەیوەست بەم مۆرفێمانە لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە ئەکرێت، کە ئەم مۆرفێمانە تەنها مۆرفێمی توخم بن لە شێوەزارەکەدا، لەبەرئەوە ئەگەر ئەم مۆرفێمانە وەك مۆرفێمی دۆخ هەژمار بکرێت، ئەوکات پێویستە ئەو ئەرکەی کە هەیەتی لەناو دروستەکەدا جێبەجێی بکات، کە، بریتییە لە نیشانەکردنی فرێزەکان بۆ جۆری دۆخەکان لە ڕستەکەدا، بە واتا نیشانەکانی دۆخ ئەرکی ئەوە ئەبینن، کە جۆری دۆخەکە لە ڕستەدا پیشانبدەن.(ئەحمەد،٢٠١١، ١٣) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە ئەو زمانانەی مۆرفۆلۆژییانە دۆخ نیشانە ئەکات بەهۆی مۆرفێمی تایبەتیی دۆخی فرێزەکانی ڕستە نیشان ئەدات، وەك زمانی هەنگاریی، ئەگەریش نیشانەی دۆخ بن وەك ئەوەی لە زمانی عەرەبییدا هەیە. ئەبێت بەهۆی نیشانەکانەوە چەشنی دۆخەکان(نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤ-داتیڤ)بەهۆی نیشانەی تایبەت، کە (بۆر)بۆ دۆخی نۆمینەتیڤی (سەر)بۆ دۆخی ئەکوزەتیڤی(ژێر)دۆخی داتیڤ. نیشانە بکات وەك لە زمانی عەرەبییدا نیشانەکراون(مەرفوع، مەنصوب، مەجرور)، لەبەرئەوەی بنەمای نیشانەکردنی دۆخی مۆرفۆلۆژییانە، بریتییە لە دەرکەوتنی مۆرفێمی تایبەت لەسەر فرێزە ناوییەکە بە واتای ئەوەی، کە فرێزە ناوییەکان لەناو ڕستەدا هەڵگریی نیشانەی دۆخی جیاوازن و بە ئاشکرا دەرئەکەون لە سەر فرێزەکان و ئاماژەن بۆ ئەو دۆخە ڕێزمانییانەی کە لە ڕستەکە وەریگرتووە. هەڵبژاردنی نیشانەکان بە پێی ئەرکیی ڕێزمانیی فرێزە ناوییەکان-دیارخەرییەکان دیاری ئەکرێت.( Musabhien,٢٠٠٨: ٣٣) یاخود هاوشێوەی زمانی ئەڵمانی بەهۆی مۆرفێمی تایبەتەوە دۆخ و جێندەری فرێزەکە لە ڕستەدا نیشانە ئەکات، بە واتا مۆرفێمەکە لەیەك کاتدا دۆخ و جێندەر-توخمیش ئەنوێنێت.(بڕوانە:پێشتر) لەم زمانانەدا فۆرمەکە بۆ جۆری دۆخەکە گۆڕانی بە سەردا دێت.(قادر،٢٠١٥: ١٨) لە شێوەزاری هەورامییدا یەك مۆرفێم وەك نیشانەی دۆخی نۆمینەتیڤ و ئەکوزەتیڤی دانراوە، کە بە پێی توخمی-جێندەر فۆرمەکە بۆ (ی،یº) ئەگۆڕێت، ئەمەش هەمبەر بە نیشانەکردنی دۆخی مۆرفۆلۆژییانە ئەوەستێتەوە.

١٢-ا: ئازادی/نەسرینیºوانەش وانا. (ی،یº)دۆخی نۆمینەتیڤ

ب: نەوزادØ/شیرینە ئازادی-نەسرینیº موینوو. (ی،یº)دۆخی ئەکوزەتیڤی(محەمەد،٢٠١٣: ٦)

پەیوەست بە نموونەکانی (١٢_ا،ب)، پێویستە ئاماژە بە چەند لایەنی گرنگی سینتاکسیی شێوەزارەکە بدرێت کە بریتیین لە:

دانانی ئەم مۆرفێمانە بە نیشانەی دۆخ لە لایەن توێژەرەوە بە هۆی نواندنی نیشانەکانە پەیوەست بە تاف و چەشنی کردار، بەوەی کە بکەری کرداری تێپەڕ دۆخی نۆمینەتیڤی هەیە و بەرکار دۆخی مۆرفۆلۆژییانە دەرنەکەوتووە ، لەبەرئەوەی (وانە) کۆتایی بە بڕگەیی(ڤاوڵ) هاتووە و وەك جێندەریش (نێرە)یە مۆرفێمی تایبەتی جێندەریش(ی) لەسەر فرێزەکە دەرناکەوێت، لەبەرئەوە یاسای فۆنۆلۆژیی زمانەکە ڕێگەی بە هاتنی دوو دووبڕگەیی نادات پێکەوە دەربکەون، هەربۆیە مۆرفێمی توخم-جێندەر لەسەر فرێزەکە دەرنەکەوتووە. یەکێکی تر لەو بەڵگانەی وا ئەکات، کە ئەم مۆرفێمانە بە مۆرفێمی توخم-جێندەر هەژمار بکرێت، ئەوەیە کە ئەم مۆرفێمە سەرپشکییە و ئاخێوەران ئەتوانن لەبری ئەم

مۆرفێمانـە مۆرفێمی(Ø،ھ)بەکاربهێنـن.

رابردووی تێپەڕ:

١٤- ا: شیرینی° ئازادØش وینا. شیرین ئازادی بینی.

ب: ئازادی شیرینەش وینا. ئازاد شیرینی بینی.

پ: شیرینە ئازادØش وینا. شیرین ئازادی بینی.

ت: ئازادØ شیرینەش وینا. ئازاد شیرینی بینی.

رانەبردووی تێپەڕ:

١٥-ا: ئازادØ نەسرینی° موینو°. ئازاد شیرین دەبینێت.

ب: نەسرینە ئازادی موینو°. شیرین ئازاد دەبینێت.

نموونەکانـی(١٤ ا،ب،١٥،ا،ب) فرێـزە ناوییەکان}شـیرینی°-ئازادی{ لەهـەردوو جێکەوتەکـەدا هەمـان مۆرفێمیـان وەرگرتـووە. روونکردنەوەکانـی سـەرەوە ئـەوە دەرئەخـەن، کـە مۆرفێمەکانـی (ی،ی°)یـش مۆرفێمـی توخم-جێنـدەرن و بـە پێـی توخمـی فرێـزە ناوییەکە-دیارخەرییەکـە ئەکەوێتـە کۆتایـی فرێزەکـە.(*****) نموونـەکان ئـەوە پشتڕاسـت ئەکەنـەوە، کـە مۆرفێمەکانی(ی،ی°)بـە هەمانشـێوەی(Ø،ھ) مۆرفێمـی توخـم-جێنـدەرن لـە شـێوەزارەکەدا توخمـی فرێـزەکان نیشـانە ئەکـەن، بـە پێـی تافـی کـردار تەواوکەرانـە لەسـەر فرێـزەکان ئەنوێنرێـن، لەبەرئـەوەی هیـچ پەیوەندییـەك لـە نێـوان نیشـانەکردنی دۆخ و تافـی دروسـتەدا نییـە و هەروەهـا دانانـی (ی،ی°) وەك مۆرفێمـی دۆخ بـۆ چەشـنی دۆخەکـە نیشـانە نەکـراوە، لەبەرئـەوە لەتافـی رابـردوودا هەمـان نیشـانە لەسـەر فرێـزی ناویی-دیارخەریـی کـە لـە جێکەوتـەی بکەردایـە دەرئەکەوێـت. بنەماکانـی تیۆرییەکـە کەرەسـتە دۆخـدەر و دۆخوەرگـرەکان جیـا کراونەتـەوە (V⁻,T,Agr,P٠,V٠) کەرەسـتەی دۆخـدەرن و لـە رسـتەدا دۆخ بـە (NP/DP) ئـەدەن، لەگـەڵ جیـا کردنـەوەی کەرەسـتە دۆخـدەرەکان چەشـنی دۆخەکەیشـی کـە بـە فرێـزی ناوییەکـەی ئـەدەن نیشـانەکراون، V٠لـە کـردارە تێپـەڕەکان دۆخـی بەرکاریـی Accusative case بـە تەواوکەرەکـەی ئـەدات، T بەیارمەتـی مۆرفێمەکانـی ڕێککەوتـن دۆخـی بکەریـی Nominative case بـە بکـەر ئـەدات، P٠ دۆخـی Dative case بـە تەواوکەرەکانیـان ئـەدەن، لەبەرئـەوەی بنەماکـە ئەوەشـی جێگیـر کـردووە کـە هـەر سـەرێکی دۆخـدەر تەنهـا یـەك جـۆر دۆخ ئـەدات ئەگـەر ئـەم مۆرفێمانـە وەك مۆرفێمـی تایبـەت بـە نیشـانەی دۆخ هەژمـار بکرێـت ئـەوکات تـاف وەك کەرەسـتەی بـە دەسـەڵات تەواوکەرانـە دۆخـی بکەریـی و بەرکاریـش بـە فرێـزەکان ئـەدات.

رابردووی تێنەپەڕ:

١٦-ا: ئازادØ وتØØ. ئازاد نووست.

ب: نەسرینە وتەØ. نەسرین نووست.

لەتافی رانەبردوو لە سەر هەردوو فرێزەکە مۆرفێمەکانی توخم ئەنوێنرێن.

رانەبردووی دووری تێنەپەڕ:

١٧-ا: شرینە وسیـ°یـ°و° شرین دەخەوێت.

ب: ئازادØ وسیـ°یـو° ئازاد دەخەوێت.

(ی°، نیشانەی بەردەوامی) بەهۆی یاسای نەهاتنی دوو ڤاوڵ لەگەڵ یەکتر مۆرفیمی توخم و مۆرفیمی ڕێککەوتن دەرناکەون.

٢-ئەگەر ئەم مۆرفیمانە مۆرفیمی تایبەتی دۆخ بن، ئەوا پێویستە تایبەت بن بە جۆرێکی دۆخەوە و بۆ نیشانەکردن بن، بەواتا وەك ئەوە زمانانەی کە مۆرفۆلۆژییانە نیشانەی دۆخیان هەیە(بڕوانە:پشووتر) ئەگەر ئەم مۆرفیمانە تایبەت بن بە دۆخ ئەوکات تایبەت ئەبن بە یەك جێکەوتە، بە واتایەکی تر نیشانەکان تایبەت ئەبن بە جێکەوتەی فرێزەکەوە. ئەمەش ئەوە دەرئەبڕێت، کە بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە ناتوانرێت چەشنی دۆخەکان لە ڕستەدا نیشانە بکرێت، بۆ هەموو فرێزە دۆخ وەرگرەکان تەنها مۆرفیمەکانی(ی،ی°) دانراون، بە پێی جێندەر لەسەر فرێزەکان ئەنوێنرێن. (بشڕوانە: محەمەد،٢٠١٦: ١٧)

٣-سیستەمی تەواوکەرانە نێوان نیشانەکانی دۆخ و مۆرفیمی توخم وەك توێژەر ئاماژەی بۆ

ئەکات و پێی وایە دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ مۆرفیمەکانی توخم لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، بەواتای ئەوەی کە ئەگەر مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانیی لەسەر فرێزەکان دەرنەکەوت، ئەوکات مۆرفیمی توخم جێیان ئەگرێتەوە.(محەمەد،٢٠١٣: ٥)، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای پاڵێوەری دۆخە، لەبەرئەوەی وەك ڕوونکرایەوە(بڕوانە: پێشتر) ئەو زمانانەی کە جێندەریان هەیە و نیشانەکانی دۆخیشیان مۆرفۆلۆژییانەیە، وەك زمانی عەرەبیی بەهۆی مۆرفیمی تایبەتەوە لە یەکجیاکراونەتەوە، لەبەرئەوەی دۆخ حاڵەتێکی ڕێزمانییە پەیوەندی سەر و تەواوکەرەو توخمیش زیاتر لایەنێکی سیمانتیکیی ئەو زمانانەیە.

٤- مەرجدارکردنی بەرکار بە ناسراوێتییەوە بۆ وەرگرتنی دۆخ ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە، کە ئەم مۆرفیمانە لە بنەڕەتدا مۆرفیمی توخمن و بە پێی توخمی ناوەکە ئەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، لەبەرئەوە بنەمای پاڵێوەری دۆخ هیچ سنووردارکردنێکی بۆ پێدانی دۆخ بە فرێزەکان پەیوەست بە ناسراویی، نەناسراویی دانەناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی وەکیەك هەموو فرێزە دەرکەوتووەکانی ڕستە لە لایەن سەری دۆخدەریانەوە دۆخ وەرئەگرن. بەپێچەوانەوەی توخم.

١٨-ا: من یانە مسانوو. من خانوو دەکڕم.

٥- مۆرفیمەکانی(Ø)(ھ) لەنموونەی(ئازادØ وت) ، (نەسرینە وتە)، بەمۆرفیمی دۆخ بۆ بکەر ناسێنراوە، کە ئەمەش لەگەڵ سیستەمی ئەرگەتیڤی هەمبەر ئەوەستێتەوە، لەبەرئەوەی لە ئەرگەتیڤدا بکەری کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ کرداردا ڕێکئەکەوێت، ئەگەر ئەم مۆرفیمانەش وەکو مۆرفیمی دۆخ هەژمار بکرێت، کەواتە لەم چەشنە ڕستانەدا هەردوو سیستەمەکە پێکەوە دەرئەکەوە. (******)

٦-ئەگەر مۆرفیمەکان بە هەمانشێوەی زمانی ئەڵمانیی لە دۆخە جیاوازەکاندا و بە پێی توخمی-جێندەری فرێزەکان مۆرفیمەکان گۆڕانیان بەسەردا بهاتبایە، ئەوکات شێوەزارەکە بە هەمانشێوی زمانی ئەڵمانیی ئەم مۆرفیمانە وەك مۆرفیمی توخم-جێندەر ئەناسێنێت، لەگەڵیشیدا زانیاریی دۆخیش ئەبوو بە بەشێکی زانیاریی ناو ئەم کەرەستانە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم مۆرفیمانە بۆ دۆخێکی تایبەت نیشانە نەکراون و لەسەر بنەمای بەڵگەکان کە خرانە ڕوو ئەو ئەنجامە هەڵئەهێنجێنرێت، کە لە شێوەزارەکەدا مۆرفیمێکی تایبەتی نییە بەهۆیەوە چەشنی دۆخەکان نیشانە بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی وەك ئاماژەی پێدراوە

لەبەر زاڵێتیی سیستەمی جێندەر لە شێوەزارەکەدا ئەم مۆرفێمانەی کە وەکو نیشانەی مۆرفۆلۆژیانەی دۆخ هەژمار کراون مۆرفێمی جێندەر_توخمن لە فەرهەنگەوە وەك نیشانەی جێندەر_توخم نشانە کراون. پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکیشەوە لەبەرئەوەی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بە مینیی/بچووککراوەی تێخنراوی فرێزە سینتاکسییەکان هەژمارکراون، لە مۆرفۆسینتاکسدا وەك فرێزی ڕێککەوتن جێکەوتەکانی بکەر، بەرکار پڕ ئەکەنەوە. (بڕوانە:دواتر) ئەم فرێزانە فرێزی مۆرفۆسینتاکسیین و پرۆژەی تاکنواندنێکی فەرهەنگیین و پرۆسەکە (X)ەکان بەشداری تێدا ئەکەن و تەواوکەرەکانیان دەرنابڕدرێن(Null Complement). وەك ئاماژەشی بۆکرا، توخم بەشێکی گرنگی زانیاریی کەرەستەکانە و بەشێکی دانەبڕاوی زانیاریی شێوەزارەکەیە. پەیوەست مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن، پرسیارێك سەرهەڵئەدات کە ئەویش بریتییە لەوەی، کە ئایا مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن هەڵگریی هەمان نیشانەی فرێزە سەربەخۆکانن؟ بە واتا زانیاریی توخم وەك بەشێکی زانیارییەکان لە فەرهەنگدا گەنجکراون؟ یاخود نەخێر وەك دروستەیەکی پاش سینتاکسیی زانیاریی فرێزە سینتاکسییەکان هەڵئەگرن، بە واتا لەوانەوە زانیاریی توخم نیشان ئەدەن؟ لەبەرئەوەی زمانی کوردیی لە زمانە pro-drop ەکانە، جێکەوتەکانی بکەر و بەرکار بە فرێزی ڕێککەوتن پڕ ئەکرێتەوە. مۆرفۆسینتاکیش وەك دروستەیەکی پاش سینتاکسیی بەهۆی هەبوونی سێ دەستە لە مۆرفێمی ڕێککەوتن لە شێوەزارەکە بەرهەمدێت. وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پەیوەستە بەو گریمانەیەی، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بە زانیارییەکانیان لە فەرهەنگدا بۆ بەرهەمهێنانی فرێز لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا گەنجکراون، ئەوکات لێکدانەوەکە بەوشێوەیەیە، کە بەکارهێنانی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن وەك فرێز لە دروستەی قووڵدا بوونیان هەیە و سیمانتیك و سینتاکسیی دروستەکە تەواو ئەکەن.(بڕوانە: عەزیز،٢٠١٥: ١٨٢) بە واتا زانیاریی (کەس، ژمارە،توخم،دۆخ)(بڕوانە: مەعروف،سەعید،٢٠١٩) لە خودی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتندا گەنجکراون و لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکس وەك فرێز ئەتوانن جێکەوتەکانی پڕ بکەنەوە. ئەگەر مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن وەك توخمێکی فەرهەنگیی لە فەرهەنگەوە بۆ توخم نیشانەکراوبن، ئەوکات لە سینتاکسدا تەنها ئەتوانن بەرامبەر بە توخمێك لە فۆرمی فرێزدا بنوێنرێن.

لە توێژینەوەکەدا گریمانەکەی بەوشێوەیە بنیاتئەنرێت، کە جێناوە لکاوەکانی ئەم شێوەزارەش مۆرفێمی ڕێککەوتن بن، دانانی ئەم مۆرفێمانە بە فرێزی ڕێککەوتن کۆتوبەندی ڕێزمانیی بەسەر ئەم فرێزانەدا ئەسەپێنێت لە هەردوو لایەنی دروستەیی و ئەرکیشەوە. وەك پێشتر ڕوونکرایەوە توخم بەشێکی سەرەکیی زانیاریی تیا هەڵگیراوی کەرەستە فەرهەنگییەکانی ئەم شێوەزارەیە، هەربۆیە لە نواندنی ئەم مۆرفێمانە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا هەمان زانیاریی دروستەیی و ئەرکیی فرێزە سینتاکسییەکان وەرئەگرن، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن لەم شێوەزارەدا بە هەمانشێوەی زاری ناوەڕاست ئەبێت بە مینیی زانیاریی فرێزە سینتاکسییەکانن. لەمەشەوە زانیاریی توخم ئەبێتە بەشێکی زانیاریی دروستەیی لەناو مۆرفێمەکانی ڕێککەوتندا ئەنوێنرێت. پەیوەست بە ئەرکیشەوە فرێزەکانی ڕێککەوتن لەناو مۆرفۆسینتاکسدا پێویستە پێڕەو ی بنەماکانی تیۆریی دۆخ و لە ناویشیاندا پاڵێوەری دۆخ بکەن، کە مەرجی هەبوونی دۆخ بە سەر هەموو فرێزە دەرکەوتووەکانی دروستەکەدا ئەسەپێنێت، فرێزەکانی ڕێککەوتن بەهۆی شکاندنەوە ئەبن بە نیشانەی دۆخ لە

دروستەکەدا، لەبەرئەوەی ئەم فرێزانە لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا بە پێی تافی دروستەکە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، ئەمەش ئەوە دەرئەبرێت، کە فۆرمی فرێزەکان ئەبن بە نیشانەی دۆخ لەناو دروستەکەدا روونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە پشتڕاستئەکەنەوە، ئەم فرێزانە جگە لەو زانیارییانەی ئاماژەی بۆکرا هەڵگریی نیشانەی دۆخیشە، لەمەشەوە درستەیەکی بێکەمووکورت پەیوەست بە دروستەو واتا و ئەرکەوە بەرهەمدێت، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە ئەگەیەنێت، کە فرێزی رێککەوتن لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بەشێکن لە زانیاری کۆن و پێشبینکراو.(کریمی-نەقشبەندی،١٣٩٠: ١١) مۆرفێمەکانی توخم فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییان نییە لە ناو فرێزەکانی رێککەوتندا، بەڵکو زانیاریی توخم لە ناو خوودی ئەم مۆرفێمەدا گەنجکراوە، ئەمەش ئەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە فرێزەکانی رێککەوتن مینیی/ فۆرمی بچووککراوەی فرێزە سینتاکسییەکانن و زانیارییەکانی ئەو فرێزە وەرئەگرن. لەسەر ئەم بنەمایەش لەناو مۆرفۆسینتاکسدا گریمانەی بەفرێزبوونیان ئەکرێت.

١٩-ا: نەسرینە نانش وارد.

ب: ئاد-ە نانش وارد.

پ: واردش∅.

زانیاریی توخم و دۆخ لەهێڵکاری(١)ئەخرێتە روو:

ش مینیی فرێزی ئەرکیی + مێ-دۆخی نۆمینەتیڤ

ئاد-ە فرێزی ئەرکیی + مێ-دۆخی نۆمینەتیڤ

نەسرینە فرێزی فەرهەنگیی + مێ-دۆخی نۆمینەتیڤ

٢٠-ا: ئازاد∅ وزەکێش واردیᵒ. ئازاد∅ + نێر- دۆخی نۆمینەتیڤ

ب: ئاد-∅ وزەکێش واردیᵒ. ئاد-∅ + نێر- دۆخی نۆمینەتیڤ

پ: واردیᵒش. ش + نێر- دۆخی نۆمینەتیڤ

فرێزە سینتاکسییەکانی نموونەی(١٩ا،ب) هەڵگری دۆخن و لە لایەن سەری دۆخ_دەرەکانیانەوە دۆخیان وەرگرتووە، {نەسرینە} لە لایەن فرێزی تافەوە دۆخی نۆمینەتیڤی وەرگرتووە، {نان} لە لایەن رەگی کردارەوە دۆخی ئەکوزەتیڤی پێ دراوە، لە(١٩ ب) لەبەرئەوەی فرێزی ناویی }نەسرینە{مێیە هەربۆیە (ئاد-ە)، هەمان مۆرفیمی توخمی مێی وەرگرتووە هەڵگری هەمان دۆخی فرێزی ناویی/ دیارخەریی{نەسرینە} یە، لە(١٩پ)فرێزی رێککەوتنی /ش/وەك مینیی فرێزە سینتاکسییەکە زانیارییە دروستەیی و ئەرکیی واتاییەکەی هەمان فرێز ئەنوێنێت، ئەمەش ئەوە دەرئەبرێت، کە زانیاریی توخم و دۆخی هەمان فرێزە سینتاکسییەکەیە، بەواتای ئەوەی کە فرێزە رێککەوتنییەکە هەڵگریی هەمان توخم و دۆخە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، بەهۆی شکاندنەوەی فۆرمەکەیەوە فرێزەکە بۆ دۆخەکەی نیشانە ئەکات. نموونەی(٢٠)فرێزی ناویی{ئازاد∅} توخمی نێرە، لە(٢٠ب) جێناوە سەربەخۆکە (ئاد-∅) هەمان مۆرفێمی توخمی بۆ گواستراوەتەوە و بەهۆی جێکەوتەشەوە هەمان دۆخی فرێزە ناوییەکە وەرئەگرێت، (٢٠پ) لەسەر بنەمای روونکردنەوەکانی پێشووتر کە ئەم فرێزانە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا زانیاریی فرێزە

سینتاکسییەکە ئەنوێنن لەمەشەوە ئەوە بە دەستدێت، کە فرێزی ڕێککەوتنی/ش/ وەك نواندنێکی تری فرێزی}ئاد-Ø{ هەمان زانیاریی توخمی تێدایە و هەڵگریی هەمان دۆخی نۆمینەتیڤییە و بەهۆی شکاندنەوەشیان فرێزەکە بۆ دۆخەکە نیشانەکراوە. پەیوەست بە فرێزە ئاوەڵناوییەکان بە هەمانشێوەی زاری ناوەڕاست تەنها کاتێك ئەتوانن جێناوە ئەرکییەکان(جێناوە سەربەخۆکان) ببن بە نواندنێکی تری ئەگەر فرێزە ئاوەڵناوییەکە نیشانەی (+مرۆڤ)تێدابێت.

٢١- کناچیᵒ زیرەکە

ئاد-ه

ش

بەڵام ئەگەر فرێزە ئاوەڵناوییەکەی نیشانەی (-مرۆڤ)تێدابێت جێناوەکان بە هەمانشێوەی زاری ناوەڕاست ناتوانن بە فرێزی ئەرکیی (جێناوی) بنوێنرێن، بەواتا هەڵگریی هەمان نیشانەی فرێزەکە نین.

٢٢- تەوەنیᵒ سیاوە   *ئاد-ه

بەردی ڕەش   *ئەو

لە نموونەی(٢٢)دا ئەوە روون ئەبێتەوە کە ئەو فرێزانەی (-مرۆڤن) بەهۆی وشەی نیشانە ئەتوانێت وەکو فۆرمیی هەموو نیشانە گەنجکراوەکانی فرێزەکە بنوێنرێت(ئانە،ئوونە)بۆ نێر(ئانێ،ئوونێ)بۆ مێ. لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن مینیی فۆرمیی فرێزە سەربەخۆکانن(ناویی، ئاوەڵناویی، دیارخەریی) هەموو زانیارییەکانی فرێزە سینتاکسییەکان هەڵئەگرێت، بە جۆرێك ئەو فرێزانەشی کە نیشانەی(-¯مرۆڤ)تێدایە. زانیارییەکانی پەیوەست بە دروستەو ئەرکەوە لەناو فرێزەکانی ڕێککەوتندا گەنجکراون.

٢٣-تەوەنیᵒ سیاوە

ئانێ/ئوون

Ø

دانانی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن وەك فرێزی ڕێککەوتن بە پێی بنەمای پاڵێوەری دۆخ لەناو دروستەکەدا هەڵگریی دۆخ ئەبن.( mikhayova, ٢٠١٥: ٥٢) ئەم فرێزانە وەك بەرهەمی تەواوکەری دەرنەبڕاو بەشداریی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس ئەکەن و وەك تەواوکەر پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس تەواوئەکەن. لە ناو دروستەکەدا لە لایەن سەری دۆخدەرەکانیانەوە دۆخەکانی (نۆمینەتیڤ، ئەکوزەتیڤی، داتیڤ) وەرئەگرن. لە خستنە رووەکانی سەرەوەدا ئەوە روون ئەبێتەوە، کە توخمەکانی ناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی پەیوەست بە دروستە و ئەرکیشەوە نیشانەکراوتر، وردترن.

هەرچەندە ئەرگەتیڤ دیاردەیەکی بەرچاوە و لەشێوەزارەکەدا دەرکەوتنی هەیە، بەڵام بە پێی بنەمای تیۆریی بەرهەمهێنان و شێوازی کارکردنی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤییە.

٢٤- ا: نەسرینە ئازادی موینوᵒ.   نەسرین ئازاد دەبینێت.

ب: توᵒ پەلەپەل مەرامی.   تۆ بەپەلە ڕادەکەیت.

وەك لـە نموونەکانـدا روون ئەبێتـەوە مۆرفیمەکانـی ڕێککەوتـن دەرخـەری کـەس و ژمـارەن و لەگـەڵ بکـەری رسـتە رێککەوتـوون. مۆرفێمی(ی)لـە حاڵەتـی ناسراوبوونـی بـەرکار و لەسـەر فرێـزی ناویـی (نێـر) دەرئەکەوێـت. صفیعی،پیـمان،١٣٩١، مۆرفێمەکانـی رێککەوتنی(م-مـا) لـە شـێوەزاری پاوەییـدا، کـە سـەر بـە هەورامانـی لهۆنـە، وەك مۆرفێمـی تایبـەت بـە دۆخـی ئەکوزەتیڤـی دەستنیشـان ئـەکات، کـە ئەکەوێتـە سـەر فرێـزە ناوییەکـە، دیارخەرییەکـە ئەنوێنرێـت، هەمـان فرێـز لـە جێکەوتـەی بکـەردا ئـەم مۆرفێمـە وەرناگرێـت، هەروەهـا نیشـانەی تایبەتـی دۆخـی ئەکوەزەتیڤـی لـە شـێوەزارەکەدا ناکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی توخمـی فرێـزە ناوییەکە(نێرومێ) تـاك و کـۆ. بێگومـان ئـەم مۆرفێمانـە لەنـاو رستەدا ناتوانـن نیشـانەی دۆخ بـن، بەڵکـو رێککەوتنـی بکـەرو بـەرکارن و بـە پێـی کـەس و ژمـارەی بکـەر مۆرفێمێکـی رێککەوتـن لـە دەسـتەی (م-مـا) لەسـەر بـەرکار ئەنوێنرێـت، بـەڵام لـە نـاو مۆرفۆسینتاکسـدا ئـەم مۆرفێمانـە وەك مینیـی فرێـزە سینتاکسییەکە و لـە هەمـان کاتیشـدا نیشـانەی دۆخەکـە ئەبێـت کـە لـە جـۆری شـکاندنەوەیە. ئەمـەش پاڵپشـتیی ئـەوە ئـەکات، کـە ئەگـەر شـێوەزارەکە مۆرفۆلۆژییانـە بەمۆرفێـم نیشـانەی دۆخـی هەبێـت وەك ئاماژەی پـێ ئـە درێت،(بڕوانە:محەمەد،١٩٩٨،محەمەد،٢٠١٦،عەبدڵـڵا،٢٠١٠) ئـەوکات پێویسـتە لـە نـاو مۆرفۆسینتاکسیشـدا ئـەم مۆرفێمانـە لـە سـەر فرێزەکانـی رێککەوتـن دەربکـەون و دۆخـی فرێـزەکان نیشـانە بکەن/نیشـانبدەن. بەپێـی بنەماکانـی تیۆریـی دۆخ بنەماکانـی تیۆرییەکـە لـە سـەر شـێوەزارەکەدا جێبەجێئەکرێـت، لەبەرئـەوە ئەرگەتیـڤ کێشـە بـۆ کارکـردن بـە پێـی تیۆریـی بەرهەمهێنـان ئەهێنێتـە ئـاراوە، ئەویـش پەیوەسـتە بـەوەی کـە تیۆریـی بەرهەمهێنـان نیشـانەی دۆخـی هەیـە، چـۆن میکانیزمـی پێدانـی دۆخـدەرەکان جیابکرێتـەوە؟ بەواتـا کارکـردن بـە پێـی تیۆریـی دۆخ لـە سنووری تیۆریـی دەسـەڵات و بەسـتنەوە نیشـانەی دۆخ بـۆ جێکەتـەی بکەر،-بەرکار،-سـەربار جیاکراوەتـەوە و لـەو زمانانـەدا، کـە دۆخ مۆرفۆلۆژییانەیـە بەهـۆی مۆرفێمـی تایبـەت فرێـزەکان بـۆ دۆخـەکان نیشـانە ئەکرێـن، بـەڵام لـە سیسـتەمی ئەرگەتیڤـدا بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ لەتافـی رابـردوو، بـەرکاری کـرداری تێپـەڕ لەتافـی رابـردوو پەیوەسـت بـە هەڵسـوکەوتو و نواندنیـان وەکیەکـن و جیـاواز ئەبـن لـە بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ لـە تافـی رابـردوودا، بـەوەش لەگـەڵ بنەمانـی تیۆریـی دۆخ هەمبـەر ئەوەسـتنەوە.

| ئەرگەتیڤی | | نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤی |
|---|---|---|
| ERG | A | NOM |
| ABS | S | NOM |
| ABS | O | ACC |

هەرچەنـدە ئەرگەتیـڤ بەشـێکی گـەورەی سینتاکسـیی شـێوەزارەکە پێکئەهێنێـت، زمانەوانـان بـە گشـتی گرنگییـان بـەم لایەنـەی شـێوەزارەکە داوە، بـەڵام توێژینـەوەکان تاڕادەیەکـی زۆر بـە پێـی بنەماکانـی مینیماڵ پرۆگـرام لـە سـەر شـێوەزارەکە جێبەجێکـراوە، بەوپێیـەی کـە لێکۆڵینـەوەکان بـە پێـی ئـەم دوو تیـۆرە جیاوازیـی ئەبێـت، هەربۆیـە لێـرەدا گریمانـەی بوونـی دۆخـی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤـی ئەکرێـت بـە پێـی بنەماکانـی تیۆریـی بەرهەمهێنـان.

٢-ئەرگەتیڤ:

ئەرگەتیـڤ وەك دیادەیەکـی سینتاکسـیی لـە سـەرەتای قوتابخانـەی بەرهەمهێنانـدا لێنەکۆڵراوەتـەوە، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی مینیماڵـدا لێکۆڵراوەتـەوە و تایبەتمەندییەکانـی لـە زمانەکانـدا خراوەتـە روو.(کریمـی،١٣٩٠: ٩٧) زاراوەکـە بـۆ چەشـنێك لـە رێککەوتـن بەکاردێـت، کـە بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ و بـەرکاری کـرداری تێپـەڕ لەتافـی رابـردوودا لەگـەڵ کـرداردا هەیانـە، بەهـۆی مۆرفیمەکانـی رێککەوتنـەوە جێبەجـێ ئەکرێـت. (karimi, ٢٠١٢: ٢٤) ئەمـەش ئـەوە دەرئەبڕێـت، کـە ڕەفتـاری بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ و بـەرکاری کـرداری تێپـەڕ لـە نواندنـی نیشانەکانی دۆخـدا وەك یەکـن و لـە بەرامبـەردا بکـەری کـرداری تێپـەڕ نیشـانەی جیـاوازە. (دیکسـون، ١٩٩٤: ٢ Ergativityلە دوستان-نەقشبەندی، ١٣٩٠: ٢٤ ساخت کنایی در گویش هورامـی) پێـی وایـە تەنهـا یـەك لـە سـەر چـواری زمانەکانـی دنیـا پێڕەو ی سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی ئەکـەن. بکـەر لـە کـرداره تێنەپەڕەکانـدا تەنها بکـەر وەك فرێـزی ناویـی زانیاریـی نوێیـە، لـە کـرداری تێپـەڕدا بـەرکار وەك زانیاریـی نوێـی رستـەکە هەژمـار ئەکرێـت. لـە بەرامبـەردا بکـەری کـرداری تێپـەڕ زانیاریـی کۆنـە و کەمتر دەستخسـتنی زانیاریـی تێدایـە، هەربۆیـە گریمانـەی ئـەوە ئەکرێـت، کـە بوونـی ئەرگەتیـڤ وەك دیاردەیەکـی رێزمانیـی لـە شـێوەزارەکەدا پەیوەسـتبێت بـە دروسـتەی زانیارییـەوە.

بکەری رابردووی تێنەپەڕ:S

بەرکاری رابردووی تێپەڕ:A O

شێوەزاری هەورامیـی بـۆ دیـاردەی ئەرگەتیڤـی لـە تافـی رابـردوودا دوو میکانیـزم پێڕەو ئـەکات، میکانیزمـی یەکـەم وەك ئـەوەی کـە لـە شـێوەزارەکانی دیکـەدا بەدۆخـی ئەرگەتیڤـی بـێ نیشـانە نـاو ئەبرێـت. میکانیزمـی دووەم تەنهـا تایبەتمەندیـی شـێوەزارەکەیە و بەدۆخـی ئەرگەتیڤـی نیشـانەدار نـاو ئەبرێـت.

٢-١ ئەرگەتیڤی بێ نیشانە:

بریتییـە لـە رێککەوتنـی بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ و بـەرکاری کـرداری تێپـەڕ لەتافـی رابـردوودا لەگـەڵ کـردار، بـە واتـا بکـەرو بـەرکار پەیوەسـت بـە کـەس و ژمـارە پەیوەسـت بـە چەشـنی کـردارەوە رێککەوتنیـان لەگـەڵ کـرداردا ئەبێـت، ئەمـەش ئەبێتـە خاڵـی هاوبەشـی ئـەم دوو فرێـزە لـە رستـەدا و جیـاوازن لـە بکـەر کـرداری تێپـەڕ، کـە مۆرفیمـی رێککەوتنـی کـەس و ژمارەکـەی ئەکەوێتـە سـەر بـەرکار.

٢٥-ا:تو ئامای. تۆ هاتیت.

ب:ئێمە لوایمیٚ پەی مەدرەسەی. ئێمە ڕۆشتین بۆقوتابخانە.

پ:ئاد-Ø نەسرینەش کیاستەØ. ئەو/نێر نەسرینی نارد.

ت:ئاد-ە ئازادش کیاستØØ. ئەو-مێ ئازادی نارد.

مۆرفیمەکانـی رێککەوتـن لەنـاو رستـەی تافـی رابـردوودا هەڵگریـی نیشـانەی ئەرگەتیڤییـن. (محەمـەد،٢٠١٦: ٥٧) بـە واتـا بەهـۆی مۆرفیمەکانـی رێککەوتـن دیـاردەی ئەرگەتیڤـی لـە شـێوەزارەکەدا روون ئەکرێتـەوە. لـە رستـەکانی (ا،ب) بکـەر پەیوەسـت بـە کـەس و ژمـارە لەگـەڵ مۆرفیمـی رێککەوتنـی فرێـزی کرداریـی رێککەوتنـی هەیـە و لـە رستـەکانی(پ،ت) بـەرکار هیـچ نیشـانەیەکی ئاشـکرای ئەرگەتیڤییـان لەسـەر نییـە و فۆنەیتیکیانـە گۆناکرێـن، لەبەرئـەوە لـە فۆرمـی(Ø)دا نوێنـراون. تەنهـا لـە بارێکـدا ئەگـەر بـەرکار فرێزێکـی ناویی/-دیارخەریـی کـۆ بـوو، ئـەوا نیشـانەی ئەرگەتیڤییەکـە، بەهـۆی مۆرفیمـی رێککەوتنـی کەسـی سـێیەمی

کۆ لەسەر فرێزە کردارییەکە ئەنوێنرێت.

٢٦- شیرینە جلەکیٯش شتیٯ.          شیرین جلەکانی شت.

٢-٢ ئەرگەتیڤی نیشانەدار:

لەم چەشنەدا بکەرو بەرکار ملکەچی سیستەمی تیشکۆ(focus) و ترۆپکی جێکەوتەکان ئەبن. بە واتای ئەوی کە دروستەکە خوێندنەوەیەکی جەختکردنەوەو و ترۆپك هەڵئەگرێت، ئەمەش ئەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی وەکو نیشانەدار ڕەفتار بکات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە چەسپاوێتیی ریزبوونی کەرەستەکانە بەجۆرێك بەرکار وەك زانیاریی نوێ دەبرێتە سەرەتای رستە و پاشان تیشکۆ، کە بکەری رستەکەیە. هەرچەشنە گۆڕانکارییە لەم ریزبوونەدا رووبدات، ئەوا دروستەکە بە نارێزمانیی هەژمار ئەکرێت، لەبەرئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی هەبوونی دۆخ لە سەر بەرکار ناسراوێتییە، بەواتا بەرکار هەمیشە لەگەڵ دیارخەردا ئەنوێنرێت، کەواتە فرێزێکی دیارخەریی جێکەوتەی بەرکار پڕ ئەکاتەوە. مەکەنزی پێی وایە لەم چەشنەدا تەنها لەو دروستانەدا دەرئەکەون، کە بکەر هەڵگریی زانیاریی( +مرۆڤ)بێت. (نقشبندی،١٣٩٣: ١١٧)

٢٧-ا: سەردا دارەکەش دلێنبەردØ.          سەرما درەختەکەی لەناوبرد.

ب: دارەکە، سەردای دلێنبەردØ.          درەختەکە،سەرما لەناویبرد.

ئەم چەشنە بە هەمانشێوەی چەشنی یەکەم بەرکار ئەتوانێت لەگەڵ کرداردا رێککەوتنی هەبێت، تەنها لە حاڵەتی کەسی سێیەمی کۆدا مۆرفێمەکە لەسەر کردارەکە دەرکەوتنی ئەبێت و لە بارەکانی تردا مۆرفێمی سفر(Ø)ئەچێتە سەر کردار.

٢٨-ا: جلەکە، شرینی شتØ.          جلەکە شیرین شتی.

ب: جلەکە تو_من_-شمە_-ئیمەی شتØ          جلەکە تۆ_من_شمە_ئێمە شتم،تت،تتان،مان.

تەنها فرێزی ناویی/-دیارخەریی، جێناوی کەسی سێیەم ئەتوانن مۆرفێمەکانی دۆخ وەربگرن و لەسەر بکەری دروستەی ئەرگەتیڤی نیشانەدار دەربکەون. لەبەرئەوە دانانی جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاك و کۆ دروستەکەی نارێزمانیی کردووە. پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی پێویستە سەرەتا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە ئایا ئەو دەستە مۆرفێمانەی رێککەوتن، کە لە شێوەزارەکەدا هەن، هەموویان ئەتوانن لە دۆخی ئەرگەتیڤدا بنوێنرێن، بەواتایەکی تر هەموو دەستەکان ئەتوانن ئەرکی رێککەوتنی (بکەر-کردار و بەرکار-کردار)ببینن؟ یاخود لە شێوەزارەکەدا تەنها ئەرگەتیڤ لە تافی رابردووی سادەدا هەیە؟یاخود لە هەموو تافەکانی رابردووی شێوەزارەکەدا؟ مۆرفێمەکانی رێککەوتن (م-ما،ت-تا،ش-شا) لە تافی رابردوودا هەمیشە جێکەوتەی بکەر پڕئەکاتەوە و لە کرداری تێپەڕدا رێککەوتن لەگەڵ بەرکاری رستەدا هەیە، بەواتا بکەر مۆرفێمێکی رێککەوتن بە پێی کەس و ژمارەی خۆی ئەداتە بەرکار و رێککەوتن لەنێوان بکەرو بەرکاردا جێبەجێئەکات. لەبەرئەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە مۆرفێمەکانی(ا،انیٯ،نیٯ،یمیٯ-ی،یدیٯ-Ø،یٯ) بە پێی تافی کردارو مۆرفێمەکانی تایبەت بە رێژەی کردار دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان هەیەو ئەم مۆرفێمانە لە تافی رابردووی سادەی تێنەپەڕ وەك بکەرو لە تافی رابردووی سادەی تێپەڕدا وەك بەرکار رێککەوتنی لەگەڵ کرداردا ئەبێت و

ئەرگەتیـڤ دروسـتئەکات.

رابردووی تێنەپەڕ:

٢٩- ا: من وتانی°. ئێمە وتیمی°.

ب: تو وتی. شمە وتیدی°.

پ: ئاد¯Ø وتØØ. ئاد¯ی° وتی°.

ت: ئاد¯ه وتەØ.

رابردووی تێپەڕی سادە:

٣٠-ا: ئازادØ منش بەردانی°. ئازادØ ئێمەش بەردیمی°.

ب: ئازادØ توش بەردی. ئازادØ شمەش بەریدی°.

پ: ئازادØ ئاد¯Øش بەردØØ. ئازادØ ئادیـ°ش بەردی°.

ت: ئازادØ ئاد¯هش بەردەØ. ئازادØ ئادیـ°ش بەردی°.

لـە تافـی رابـردووی نزیـك لـە كـرداره تێنەپەڕەكانـدا بەهـۆی نەگونجانـی فۆنێمـی كۆتایـی نیشـانەی ڕێـژە ئەلەفۆنەکانـی گرووپـی دووەم کـە (ا،مـی°-ی،دی°-Ø،ی°)ن، ڕێککەوتنـی بکەر-کـردار جێبەجێئەکـەن، کـە دیـاردەی ئەرگەتیڤـە لـە شـێوەزارەکەدا.

٣١-ا:من وتەنا. ئیـ°مە وتیـ°نمی°.

ب: من وتیـ°نا.

پ: تو وتەنی. شمە وتێـ°ندی°.

ت: تو وتیـ°نی.

ح: ئاد¯Ø وتەن. ئاد¯ی° وتیـ°نی°.

خ: ئاد¯ه وتیـ°نە.

له تافی رابردووی نزیکدا ڕێککەوتنی بەرکار-کردار جێبەجێئەکەن.

٣٢-ا: ئازادØ منش بەردەنا. ئازادØ ئێمەش بەردیـ°نمی°.

ب: ئازادØ منش بەردیـ°نا.

پ: ئازادØ توش بەردەنی. ئازادØ شمەش بەردیندی°.

ت: ئازادØ توش بەردیـ°نی.

ح: ئازادØ ئاد¯Øش بەردەنØ. ئازادØ ئادیـ°ش بەردی°ـنی°.

خ: ئازادØ ئاد¯هش بەردیـ°نەØ.

لـە تافـی رابـردووی دووری تێنەپـەڕدا ئەلەفۆنەکانی(نی°،نمی°-نی،ندی°-Ø،نـی°) ڕێککەوتنـی بکەر-کـردار جێبە جێئە کـە ن.

٣٣-ا: من وتەبیـ°نی°. ئیـ°مە وتیـ°بیـ°نمی°.

ب: من وتیـ°بیـ°نی°.

پ: تو وتەبیـ°نی. شمە وتیـ°بیـ°ندی°.

ت: تو وتیـ°بیـ°نی.

ح: ئاد¯Ø وتەبی.                ئاد¯ی° وتیـ°بیـ°نی°.

خ: ئاد¯ه وتیـ°بی°.

له تافی رابردووی دووری تێپەڕ ئەم فۆنێمانە ڕێککەوتنی بەرکار-کردار جێبەجێئەکەن.

٣٤-ا: ئاد¯Ø منش کیاستەبیـ°نی°.    ئاد¯ ئیـ°مەش کیاستیبیـ°ئمی°.

ب: ئاد¯ه منش کیاستیـ°بیـ°نی°.

پ: ئاد¯Ø توش کیاستەبیـ°نی.        ئاد¯شمە کیاستیـ¯بیـ°ندی°.

ت: ئاد¯ه توش کیاستەبیـ°نی.

ح: ئاد¯Ø ئاد¯ش کیاستیـ°بی°Ø.                ئاد¯ه ئاد¯یـ°ش کیاستیـ°بیـ°نی°.

خ: ئاد¯ه ئاد¯ش کیاستەبی°Ø.

لـە تافـی رابـردووی دانانـی گرووپـی سـێیەم(وو،می°-ی،دی°-و°،ا)لە کـرداری تێنەپـەڕدا ڕێککەوتنـی بکـەر-کـردار جێبەجێئەکـەن.

٣٥-ا: ڕەنگا من وتەبوو.    ڕەنگا ئیـ°مە وتیـ°ئمی°.

ب: ڕەنگا من وتیـ°بوو.

پ: ڕەنگا تو وتەبی.        ڕەنگا شمە وتیـ°بدی°.

ت: ڕەنگا تو وتیـ°بی.

ح: ڕەنگا ئاد¯Ø وتەبو°.    ڕەنگا ئاد¯ی وتیـ°با.

خ: ڕەنگا ئاد¯ه وتیـ°بو°.

له تافی رابردووی دانانی کرداری تێپەڕدا ڕێککەوتن لەنێوان بەرکار و کردار جێبەجێئەکات.

٣٦-ا: ڕەنگا ئاد¯Ø منش کیاستەبوو.        ڕەنگا ئاد¯ ئیـ°مەش کیاستیـ°ئمی°.

ب: ڕەنگا ئاد¯Ø منش کیاستیـ°بوو.

پ: ڕەنگا ئاد¯Ø توش کیاستەبی.                ڕەنگا ئاد¯  شمەش کیاستیـ°بدی°.

ت: ڕەنگا ئاد¯Ø توش کیاستیـ°بوو.

ح: ڕەنگا ئاد¯ ئاد¯Øش کیاستەبو°.            ڕەنگا ئاد¯  ئاد¯یشا کیاستیـ°با.

خ: ڕەنگا ئاد¯Ø ئاد¯هش کیاستیـ°بو°.

نموونەکانـی سـەرەوە بەڵگـەن لەسـەر هەبوونـی سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی لـە تافـی رابـردووی سادەو نزیـك کەواتـە ئەتوانیـن لەسـەر بنەمـای ئەرگەتیـڤ فۆرمـی  مۆرفێمەکانـی ڕێککەوتن(ا،انی°،نی°،یمی°-ی،یـدی°-Ø،ی°) وەك فۆرمـی فەرهەنگیـی و فۆرمەکانـی تـری بـە ئەلەفۆنـی ئـەم فۆرمانـە دابنرێـت. بەواتـا دابەشـبوونی مۆرفێمەکانـی ڕێککەوتـن بـە پێـی سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی، نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤـی، لەمـەوە ئـەو گریمانەیـە بخرێتـە ڕوو. کـە مۆرفێمەکانـی ئـەم دەسـتەیە (B) سـەرەکیی بـن و فۆرمەکانـی تـر بـە پێـی یاسـای فۆنۆلۆژیـی تایبەتـی زمانـی کوردیـی لـە هەنـاوی هەمـان گرووپـەوە وەك ئەلەفۆنـی ئـەم گرووپـە دروسـتبووبێتن، بـەو واتایـەی جێبەجێکردنـی سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی خاڵێکـی تـرە کـە ئەبێتـە پاڵپشـتی دانانـی ئـەم گرووپانـە

لەیەك لیستدا. لە بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا زانیاریی فرێزەکان لەناو مۆرفێمەکانی رێککەوتندا هەڵ ئەگیرێن و ئەبن بە فرێزەکە ئەبێت بە مینیی زانیاریی فرێزە سینتاکسییەکە، هەمان زانیاریی توخم و کەس و ژمارە و دۆخ هەڵئەگرن.

ف. رێککەوتن

جێندەر دۆخ

مۆرفێمەکانی رێککەوتن لە شێوەزارەکەدا جگە لەزانیاریی (کەس،ژمارە)جێندەرو دۆخیش ئەبن بە بەشێکی زانیارییە گەنجکراوەکانیان. وەك فرێزی رێککەوتن و مینیی فریزە سینتاکسییەکان جێکەوتەی بکەر دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی جگە لە رابردووی هەواڵیی بەردەوام و داخوازی و کرداری رانەبردوو بۆ تافی ئێستا و داهاتوو بەهەموو ڕێژەکانیەوە گرووپی یەکەم(م-ما) جێکەوتەی بکەر پڕ ئەکەنەوە. جێکەوتەی بەرکار بە پێی فۆنێمی کۆتایی رێژەی کردار مۆرفێمەکانی رێککەوتنی دەستەی (دووەم) بە ئەلەفۆنەکانییەوە جێکەوتەی بەرکار پڕ ئەکەنەوە و بۆ تافی رابردووی دانانی نزیك گرووپی سێیەم ئەم جێکەوتەیە پڕ ئەکەنەوە، ئەگەر تافی کردرەکەش رانەبردوو، رابردووی هەواڵیی بەردەوام، داخوازی بوو گرووپی یەکەم جێکەوتەی بەرکار پڕ ئەکەنەوە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە مۆرفێمەکانی رێککەوتن لەم شێوەزارە پێڕەو بەندانە بە پێی تاف بەسەر جێکەوتەکانی دروستەکەدا دابەشبوون. ئەگەر تافی رستەکە رابردووی سادەبوو پێڕەو ی یاسای ژمارە(١)ئەکات.

**رەگ+تاف+م.ڕێککەوتنی بەرکاریی٢+م.ڕێککەوتنی بکەریی١**

٣٧-ا: بەدانْ°ش. بەردیمـ°یش.

ب: بەردیش. بەردیدیـ°ش.

پ: بەردش. بەردیـ°ش.

لە تافی رابردوودا بەهۆی یاسای فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی لە کاتی نواندنی مۆرفێمی رێژەی نزیك(ن) ئەوکات ئەلەفۆنەکانی ئەم دەستەیە (ا-می°،ی-دی°،Ø-ی°)جێکەوتەی بەرکار لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا پڕ ئەکەنەوە. بڕوانە:(٣٨)

٣٨-ا: بەردەناش بەردیـ°مـیـ°ش

ب: بەردیـ°ناش

پ: بەردەنیش بەردیـ°ندیـ°ش

ت: بەردیـ°نیش

ح: بەردەنش بەردیـ°نیـ°ش

خ: بەردیـ°نەش

لە تافی رابردووی رێژەی دوور بەهۆی نواندنی مۆرفێمی ڕێژەکەوە(بی°)ئەلەفۆنەکانی(نی°-مـی°،نی-ندی°،Ø-نی°) جێکەوتەی بەرکار پڕ ئەکەنەوە. بڕوانە: (٣٩)

٣٩-ا: کیاستەبیـ°نیـ°ش کیاستیـ°بیـ°مـیـ°ش

ب: کیاستیـ°بیـ°نیـ°ش

پ: کیاستەبیـ°نیش کیاستیـ°بیـ°ندیـ°ش

ت: کیاستیـ°بیـ°نیش

ح: کیاستەبیـ°ش کیاستیـ°بیـ°نیـ°ش

خ: کیاستیـ°بیـ°ش

ئەگـەر تافـی رسـتەکە رابـردووی هەواڵـی نزیکـی دانانـی بـوو جێناوەکانـی دەسـتەی سـێیەم(وو/و-می°/یمی°،ی-دی°/یـدی°،و°-ا) جێکەوتـەی بـەرکار پـڕ ئەکەنـەوە و ئەکەونـە پـاش مۆرفێمـی دانانـی نزیـك(ب).

٤٠-ا: کیاستەبوش کیاستیـ°بمیـ°ش

ب: کیاستیـ°بوش

پ: کیاستەبیش کیاستیـ°بیدیـ°ش

ت: کیاستیـ°بیش

ح: کیاستەبو°ش کیاستیـ°باش

خ: کیاستیـ°بو°ش

بکـەر و بـەرکار بەهـۆی فرێـزی رێککەوتنـەوە ئەنوێنرێـن و جێکەوتـەی پاش کـردار پڕ ئەکەنـەوە، بەمەرجێـك زانیاریـی تیـا هەڵگیراوەکانـی مۆرفێمـی رێککەوتـن بەشـێك بێـت لـە زانیاریـی کـۆن و دروسـتەکە لەدۆخـی نۆمینەتیـڤ ئەکوزەتیڤیـدا بن.(کریمی-نقشـبندی،١٣٩٠: ١١) ئەمـەش بەخشـکەیی ئـەوە دەرئەبڕێـت، کـە سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی بەشـداریی پێکهاتـەی مۆرفۆسینتاکسـیی شـێوەزارەکە نـاکات و نابێتـە بەشـێك لـە زانیاریـی رێزمانیـی، لەمەشـەوە ئـەوە روون ئەبێتـەوە کـە سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی شـێوەزارەکە خاڵێکـی تـری جیاوازیـی پێکهاتـەی سـینتاکس و مۆرفۆسینتاکسـە لـەم شـێوەزارەدا و لەمەشـەوە هەنـگاو بـەرەو دوو پێکهاتەیـی دەنێـت.

٤١- واردەیش موەروو.

مۆرفێمەکانـی رێککەوتـن لـە نـاو دروسـتەی رسـتەدا وەك نیشـانەی ئەرگەتیڤـی رێککەوتنـی بکـەر-کردار،بەرکار-کـردار لـە تافـی رابـردووی سـادە جێبەجێئەکـەن، لەنـاو دروسـتەی مۆرفۆسینتاکسییدا وەك فرێـزی رێککەوتـن جێکەوتەکانـی بکـەر، بـەرکار پـڕ ئەکەنـەوە، لـە هەمـان کاتیشـدا ئەبـن بـە نیشـانەی دۆخ لـە شـێوەزارەکەدا کـە بـە هەمانشـێوەی زاری ناوەڕاسـت لـە چەشـنی شـکاندنەوەیە.

٤٢-ا: ئازادØ چێشتەکەش وادØ.

ب: ئاد-Ø چێشتەکەش واردØ.

پ: واردشØ.

جێنـاوی /ش/ لـە تافـی رابـردووی تێپـەڕدا جێکەوتـەی بکـەر پـڕ ئەکاتـەوە و پەیوەسـت بـە زانیاریـی هاوبـەش نیشـانەی(+نێر)لەناو دروسـتەکەدا وەرئەگرێـت. لـە هەمـان کاتیشـدا بەهـۆی شـکاندنەوەوە چەشـنی دۆخەکـە نیشـانە ئـەکات.

(Ø)لەگرووپـی دووەم جێکەوتـەی بـەرکار پـڕ ئەکاتـەوە پەیوەسـت بـە زانیاریـی هاوبـەش لەسـەر ئـەو

پێوەرەکانی تایبەت بە پۆلێنکردنی توخمی ناوەکان بۆ توخمی نێر نیشان ئەکرێت.

ئازادØ

ئاد-ھ

ش

ئەنجام:

شێوەزاری ھەورامی وەك ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدراوە خاوەنی نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژییانە نییە، بەڵکو زانیاریی توخم-جێندەر لە ناو مۆرفیمەکاندا ھەن و مۆرفیمەکان کە وەك نیشانەی دۆخ ھەژمارکراون وەك لە نموونە و بەڵگەکاندا خرایە روو لەگەڵ تایبەتمەندیی و بنەماکانی نیشانەی مۆرفۆلۆژییانەی دۆخ یەکناگرنەوە، بەڵگەکان ئەوەیان نیشاندا کە ئەم مۆرفیمانە تایبەت نین بە چەشنێکی دۆخ و بەھۆی مۆرفێمەوەکەوە چەشنی دۆخەکە نیشانە ناکرێت وەك ئەوەی لە زمانی ھەنگاریی و عەرەبیی کە مۆرفۆلۆژییانە یاخود نیشانەی دۆخیان ھەیە، بەڵکو بە پێی جێندەری فرێزەکە ئەچێتە کۆتایی فرێزەکەوە. بەڵکو شێوەزارەکە لەگەڵ زمانی ئەڵمانییدا لێکچوونی ھەیە، لەبەرئەوەی مۆرفێمەکانی ئەو زمانەش تەنھا تایبەت نین بە دۆخ، بەڵکو جێندەر زاڵە بە سەر فرێزەکە و زانیاریی دۆخیش بەشێکی زانیاریی مۆرفیمەکانە، بەڵام ئەوەی ئەم شێوەزارە جیا ئەکاتەوە لە زمانی ئەڵمانیی، نەبوونی مۆرفێمی تایبەتە بە پێی چەشنەکانی دۆخ.

نیشانەکانی دۆخ لەم شێوەزارەدا بەھۆی جێکەوتەو شکاندنەوەوە لە رستەو مۆرفۆسینتاکسدا نیشانە ئەکرێت، بە جۆرێک مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن نواندنێکی فرێزیی و ئەرکیان پەیوەست بە دۆخەوە ھەیەو کۆی زانیارییەکانیان تێدا گەنجکراوە، لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا فرێزەکانی رێککەوتن بۆ دۆخ ئەشکێنەوە ھەربۆیە لە شێوەزارەکەدا نیشانەکردنی دۆخ بەھۆی جێکەوتەو شکانەوە جێبەجێئەکات. ئەرگەتیڤ وەك دیاردەیەکی رێزمانیی شێوەزارەکە بەشێك نییە لە سیستەمی دۆخ، بەڵکو رێککەوتنی نێوان ئارگومێنتەکانی رستەیە و بەتایبەتی لە گەشەسەندنی تیۆریی بەرھەمھێنان و لەقۆناغی مینیماڵدا زمانەوانەکان ئەم دیاردەیەیان لەو زمانانەدا کە ئەرگەتیڤیین خستۆتە روو، ھەربۆیە تێکەڵکردنی ھەردوو تیۆرییەکە جۆرێکی لە دژیەکی لەنێوان بنەماکانی تیۆرییەکەدا ئەھێنێتە ئاراوە.

ئەرگەتیڤ تەنھا تایبەتە بە رستەو لەناو مۆرفۆسینتاکسدا سیستەمی ئەرگەتیڤی پێڕەو ناکرێت، ئەمەش ئەبێتە بنەما بۆئەوەی کە بوترێت شێوەزارەکە پێڕەو ی دوو سیستەمی یاخود دوو پێکھاتەیی (سینتاکس-مۆرفۆسینتاکس)ئەکات. پەیوەست بەو دوو پێڕەوەوە سیستەمی دۆخ لە دابەشکردنێکی تەواوکەرانەدان.

پەراوێزەکان:

*بیشڕوانە:حەمەد، ٢٠١٦: ٥٨ پێی وایە لە رستەدا ئەتوانرێت دۆخ تەنھا بە یەك کەرەستە بدرێت. ھەروەھا (١٧)لە نموونەکانی(نەسرینە نان وەری°Ø.-ئازادØ نان وەری°Ø.-ئادی° نان وەرێنی°Ø.) فرێزەکانی (ئازاد،نەسرینە،ئادی°) ئاماژە بەوە ئەدات کە ئەم فرێزانە مۆرفێمی دۆخیان لە سەر دەرەنەکەوتووە لەبەرئەوەی نەکەوتوونەتە دۆخەوە، بە واتا وەك بە کەرەستەی دۆخ وەرنەگر ھەژماری کردوون، لەبەرئەوەی تۆێژەر پێی وایە کە لەم شێوەزارەدا بکەر بە ھیچ جۆرێك دۆخ وەرناگرێت ئەمەش لەگەڵ

بنەماکانـی پاڵێـوەری دۆخ دژیـەك ئەبـن.

**-بیشڕوانە:محەمەد، ١٩٩٨-عەبدوڵڵا ٢٠١٠، -محەمەد، ٢٠١٦،...

*** بۆزانیاریـی دەربـارە جێنـدەر لـە شـێوەزاری هەورامیـی بڕوانـە: ئەحمـەد،٢٠٢٣ هەروەهـا محە مە د، ١٩٩٨، محە مـە د، ٢٠١٦

****- پژوە،فاطمـە دانـش،٢٠٢٠: ١٨٤ مۆرفێمـی (ی) (y,i) وەك نیشـانەی دۆخـی بەرکاریـی لەحاڵەتـی ناسراوییـدا بەکارهێنـاوە.

*****-بڕوانە:محەمەد،شەهرەزاد نایب،٢٠١٦: ٥٨

******- عەبدوڵڵا،مهابـاد کامیـل،٢٠١٠: ١٧ ئامـاژە بـەوە ئـەدات کـە لەتافـی رانەبـردوودا دۆخـی ڕێزمانیـی بـە مۆرفێـم لەسـەر فرێـزی ناویی،بکەریـی دەرناکەوێـت، ئەمـەش بەخشـکەیی ئـەوە دەرئەبڕێـت کـە شـێوەزارەکە بـۆ ناسـینەوەی دۆخ بنەمـای جێکەوتـەی فرێزەکـە لـە رسـتەدا جێبەجێئـەکات.

*******-بیشڕوانە:دوستان،غلامحسین کریمی- نەقشبەندیی،زانیار، ١٣٩٠: ٢٥

سەرچاوەکان- کوردیی:

ئەحمەد, بڕوا ڕەسول,٢٠١١, دۆخ لەزمانی کوردیدا, نامەی ماستەر,زانکۆی کۆیە.

ئەمین،شـلێر نایـف،٢٠١٥، فرێزێـن ئەرکـی د دیالێکتـا کرمانجیـا سـەریدا گۆڤـەرا بەهدینی،نامـەی دکتـۆرا، زانکـۆی دهـۆك.

ئەحمەد,ژینـۆ نـزار,٢٠٢٣, جێنـدەر لەپێـڕەو ی فەرهەنـگ و ڕێزمـانی شـێوەزاری هەورامییـدا, نامـەی ماسـتەر, زانکۆی شـارەزوور.

پـژوە, فاطمـە دانـش,و. خۆشـناو, شـێروان حوسـێن, ٢٠٢٠, ئێرگەتیـڤ لەزمـانی کوردیـدا کرمانجی(بادینـی) سـۆرانی,هەورامی,چاپی یەکـەم, چاپخانـەی ئاوێـر.

حسێن،ئازاد ئەحمـەد،٢٠٠٨، سینتاکسـیی کـرداری لێکـدراو لـە شـێوەزاری هەورامیـدا، نامـەی دکتـۆرا، زانکـۆی سلێمانی.

عەبدوڵـڵا، مهابـاد کامیـل،٢٠١٠، چەنـد کردەیەکـی سینتاکسـی لەشـێوەزاری هەورامیدا،زامـەی دکتۆرا،کۆلێـژی زمان،ز.سلێمانی.

عەزیز, سالم حەسەن,٢٠١٦, کرداری داڕێژراو لەشێوەزاری هەورامیدا,ماستەر,سلێمانی.

فەتـاح، شـنەر جەبـار،٢٠٠٦، ئاوەڵنـاو وەك کەرەسـتەیەکی فەرهەنگـی و سینتاکسـی لەشـێوەزاری هەورامیدا،نامـەی ماسـتەر،زانکۆی سـلێمانی.

قادر, ئاوات ساڵح,٢٠١٥:ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردی و فارسییدا,نامەی ماستەر,زانکۆی سلێمانی.

محەمـەد، فەریـدوون عەبـدول،١٩٩٨، چەنـد لایەنێکـی رستەسـازی زاری هەورامی،نامـەی دکتـۆرا،ز. سـەلاحەدین.

محەمـەد، شـەهرەزاد نائـب،٢٠١٦، رێککەوتـن لەدروسـتە سینتاکسـییەکانی شـێوەزاری هەورامیـدا، نامـەی ماسـتەر،ز.گەرمیان.

مەعروف, عەبدلجەبار مستەفا,٢٠٢٠, لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی,چاپی یەکەم.

فارسيى:
كريمـى دوستان,غلامحسـين - نقشـبنديى,زانيار,١٣٩٠, سـاخت كنايـى در گويـش هورامـى, فصلنامـه علمى-پژوهش هـاى زبـان و ادبيـات تطبيقـى , دووره دوم, شـماره ششـم.
كريمى,يادگار، ١٣٩٠، بازبينى حالت مطلق در ساخت كنايى(ارگيتو) پژوهشهاى زبانى دوره٢،شماره٢.
كريمى,يادگار_نقشبندى,زانيار,١٣٩٠,سـاخت هـاى فعـلى اسـتمرارى-تأكيد در گويـش هورامـى, پژوهشـهاى زبـانى دوره٢,شـماره١
صيغى,پيـمان،١٣٩١، بررسـى حالـت در زبـان هورامـى بـر اساس نظريـه اى حاكميـت و مرجعگزينى،پايـان نامـه، دانشـگا رازى،دانشـكده ادبيـات و علـوم انسـانى،گروه زبـان انگليسـى.
نقشبنديى,زانيار,١٣٩٣: ساخت هاى كنايي نشاندار در هورامى تقابل دو رويكرد كمينه‌گرا.
ئینگلیزیی:

Case-Agreement and movement in Arabic A minimalist ,٢٠٠٨,Musabhien, Mamdouh .Approach,PHD, Newcastle university
.The distribution of case, university of Wisconin Milwaukee ,٢٠٠٩ .Moravcsik. A
.Morphosyntax of case A Theoretical investigation of the concept ,٢٠٠٦ ,Otoguro, Ryo
.chomskys universal grammar ,third esucation,٢٠٠٧,v.j.cook and mark newson
.١,no,٢.The evolution of Ergative in the Languages, Acta lingutica Asiatica, vol ,٢٠١٢ Karimi, Yadgar
گۆڤار:
مەعـروف, عەبدلجەبـار مسـتەفا_ سـەعيد، سـازان زاهيـر,٢٠١٩, پـرۆژە مۆرفۆسینتاكسـیی لـە نێـوان فەرهەنـگ و سینتاكسـدا، گۆڤـاری زانكـۆی گەرمیـان بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییەكان،بەرگـی٢٣،ژ ٣.
محەمەد,فەریـدوون عەبـدول, جێكەوتـەی مۆرفیمـی توخـم لەشـێوەزاری هەورامیـدا, ٢٠١٣ , گۆڤـاری زانكـۆی كۆیە,ژ.٣٠.
سایت:
https://arabic.desert-sky.net/g_cases.html

ملخص:
هـذا البحـث يسـتعرض نظـام الحـالات الاعرابيـة كظاهـرة نحويـة ، وفي إطـار نظريـة العامـل والربـط الاحـالي تتسـاوى جـل اللغـات الطبيعيـة في هـذا المضـمار ، كـون كل العبـارات النحويـة تسـتلزم الولـوج في حيثيـات هـذا النظـام والعمـل عـلى غـراره. ولكـن علامـات الحالـة الاعرابيـة والتـي هـي مـن رواسـم هـذه النظريـة، لا يمكـن الجـزم بأنهـا تتسـاوى في كل اللغـات ، لأن كل لغـة تنفـرد بنمطهـا للتعامـل مـع هـذه الظاهـرة . تشـترك علامـة واحـدة او اكـثر مـن (العلامـات الصرفيـة ، اللواصـق النحويـة و علامـات الاسـقاط ) في هـذه الظاهـرة . البحـث بانطلاقـة ورؤى مسـتحدثة تـسرد تفاصيـل الظاهـرة ، يفـترض البحـث بـأن اللهجـه تقتنـي قواعـد الاسـقاط في تأشـير الحـالات النحويـة ، اسـتناداً الى الحجـج التـي طرحـت في اللهجـات الاخـرى بهـذا الصـدد ، البحـث يلتـزم بمنهـج

التحليـل الوصفـي ، يقتبـس البحـث نماذجهـا مـن المصـادر التـى طرحـت وكتبـت بصـدد هـذه اللهجـة و كذلـك مـن المتكلمـين الاصليـين مـن اللهجـة المومـا اليهـا ، وتتطلـب التحليـلات اللجـوء في احايـين كثـيرة الى لغـات اخـرى كاللغـة الهنغاريـة و العربيـة تعضيـداً لمـا افترضـت وطرحـت في هـذا المضـمار . مـع ان النظريـة المنتهجـة كاطـار نظـري في هـذا البحـث هـي نظريـة العامـل و البـط الاحـالي ، ولكـن طبيعـة البحـث تتطلـب الامتثـال لبعـض ثوابـت البرنامـج المصغـر لإظهـار النظـام والعلامـات الاعرابيـة وشرح التأطـير النحـوي في العبـارات الـصرف- نحويـة ،عبـارات الحاملـة للحـالات الاعرابيـة و عبـارات التوافقـات النحويـة .

Case System in Hawrami Dialect

Trifa mohammed faraj	Abduljabar Mustafa Maruf	Faridun Abdul Mohammed

Abstract:

This study delves into the case system in hawrami dialect as a pivotal grammatical phenomenon within the generative grammar framework. This theoretical framework applies universally to all natural languages, as all sentence phrases must adhere to the rules and principles of this theory, however, it is important to note that the specific case markers may differ among languages, as each language handles case marker according to its own unique characteristics. These markers may include elements such as (morphology, inflection, sign-sign movement, or position). With a distinctive focus on the Hawrami dialect, this research offers a fresh perspective by proposing that the dialect employs a principle rooted in position and inflection to delineate sentence phrases. This hypothesis is substantiated through comparative analyses with related dialects, revealing the absence of dialect-specific morphemes dedicated to case marking. In The research will use analytical description method, the study synthesizes sources that encompass both written materials and firsthand narratives from native speakers, facilitating meticulous verification of research hypotheses. Augmented by comparative instances from languages such as Hungarian, Arabic, English and Germany. The inquiry draws broader linguistic parallels. While predominantly grounded in the generative grammar theory, the study adroitly integrates elements of the minimal program as needed. This strategic adaptation enhances the exposition of the case system's distinct features, particularly its differentiation from other grammatical attributes like the ergative. The culmination of the investigation advances the assertion that, akin to the middle dialect of the Sulaimani variant, the Hawrami dialect adheres to a nominative-accusative case system for marking cases. Notably, this case system is intricately intertwined with syntactic positions, particularly in terms of syntactic inflection within morphosyntactic phrases. This dynamic interplay effectively signals case-receiver phrases or agreement phrases, shedding light on the intricate syntactic mechanisms that underpin case marking within this specific dialect.

**Keywords: Hawrami dialect, case marker, inflection, sign-sign movement, a nominative-accusative, dialect-specific morphemes, case-receiver phrases.**